رؤمـــان



پێشکەشە بە فریشتەی تەمەنم (گەلاوێژ)

*شـاخـەوان *

# خؤشة ويستى فريشتة ية كى زانكؤ

لەسەر ئەرکی ئاشتی رۆژنامەفرۆش چاپکراوە




ناوی کتێب : خۆشەویستی فریشتەیەکی زانکۆ

بابەت : رۆمـان

نووسەر : شاخەوان عەلی حەمەد

مۆتێـف : بۆتان نالەیی

تیراژ : (١٠٠٠) دانــــە

کۆمپیوتەر : نووسینگەی (هیـــــــــــوا)

چـاپ : چاپخانەی (مـنارە)

ژمارەی سپاردن ( ٧٦٢ ) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی دراوەتێ

بەرایی...

کاتێ مرۆڤ بە زەوق و شەوقەوە پێ دەنێتە گۆڕەپانی خۆشەویستی و خۆی لەبەردەم واقیعە شیرین و ترش و تاڵەکانی ئەڤین دەدۆزێتەوە.. ئەو ڕێیەی دەیگرێتە بەر، ڕێگەی هات و نەهاتە چونکە گەیشتن بەمەرام و ئاوات و ڕازو نیازەکانی تێدا ئەستەمە، هەیە بەرگەی ئەو ئەشقە پیرۆزە ناگرێ و لە نیوەی ڕێ دەبەزێ و هەیشە تا دوا ترۆپکی لوتکەو ململانێکان لەگۆڕەپانەکە دەمێنێتەوە.. لەداستانی خۆشەویستی دا دوو شت هەیە: یا( دەبێ قوربانیدەی) یا( دەبێ ببیتە قوربانی).

ئەوەی لێرەدا دەینوسمەوە یادگاری ڕۆژانەی ژیانی نێو کۆلێژو ئەو ماڵەیە کەبۆ من بووبوە بەشی ناوخۆیی.. جا نازانم کەی ئەم یاداشتنامەیە تەواو دەبێ و بە دوماهی دەگا؟! بۆیە ئەو ڕووداوانەی قەدەر دەیڕسکێنێ، وردە وردە لێرەی تۆمار دەکەم هەر چەندە دوو دڵ و ڕاڕاو ڕەشبینم بەرامبەر ئایندەو پاشەڕۆژی خۆم، ئەویش بەهۆی ئەو خەونە ئاجرو باجرو ناخۆشانەیە کەچەند شەوێکە دەیبینم.. نازانم بۆچی ناتوانم قەناعەت بە خۆ بێنم و هەست دەکەم خوێندنی کۆلێژم پێ تەواو ناکرێ یائەوەتا تەواوی دەکەم بەڵام ڕەنگە بەو کەسە نەگەم کە من خۆشمدەوێ.

فریشتە/ گەڕەکی مەنتکاوە



## بەشی یەکەم

حەمە سەر شێت ئەوە یەکەم جاری نیە بێتە سەر ڕێمو بەدەنگێکی بەرزی کرخنەوە زمانیم لێ بکاتە خەنجەرو بەدەم هەڕەشەوە پێم بڵێ (تۆ تەنها موڵکی منی و بەس، بۆت نیە کەسی دی بخەیە دڵتەوە ئەگەر بزانم کەسێ خۆشتی دەوێ وتۆش خۆشت دەوێ ئەوە کارەساتەو بەڕاستی خراپ دەقەومێ). سەرا لە ئەقلت دا .. دەوەرە لەگەری تێکەو فڕکە. . ئەوە کەی حاڵە، بزانە داوم بەداوی کێوە بووە ؟! کابرایەکی شێت، روو گرژو دڵڕەقو جڕو جانەوەر. . ئەو پەڕی دڵنەرمیو سۆزو بەزەییم بۆی

تەرخان کردبوو، دڵیم ڕادەگرتو بە مـوو لـە قسـەی دەرنەدەچـووم.. مـنم ئاوا ئەگینا کێ داوی حەمە بادەدا ؟! من لە هەستی سۆزو بەزەیی بـترازێ دوورو نزیـك خۆشـم نەویسـتوەو بـۆی شـێت نەبوومـە، ئـەوجا واتـێ دەگـا هۆگریمو کەسی دیم خۆش ناوێ. . خەڵکێکی سەیرو عەنتیکەمان هەیـە .. هەنە جارێ دوان بەدەمیەوە پێ بکەنی یـان گفـتو لفتـت شـیرینو قسـەی خۆشت بۆی کرد، ئیدی واتێدەگا تۆ بۆی سوتاویو حەزت لێی کردوە .

ڕۆژگـار دێو دەڕوا .. لەتـەك زەمەنـە جەنجاڵیەکانـدا ئەشـقی یوسـف پانتاییـەکی فراوانـی لـە هـزرو زەیـنم داگـیر کـرد، ئەمـە لـەو کاتانەیـە کـە سـەرنجمان یـەکانگیرو نیگامـان تـەنها لـە دوورەوە ئاڕاسـتەی یەکـدی دەکەین.

شەوانە کاتێ ڕادەکشێم بزەو خەندەی ئەوم دێتە بەر چاو ..لە ڕەفتـارو هەستانو دانیشتنی نێو کافتریای کۆلێژ، زەردەخەنە دەمگرێو بەغایەلەی ئەوەوە پێڵوی چاوانم گران دادێو خەو بۆ خۆیم دەباتەوە .

*   *   *

سەرەتای یەکتر ناسینی منو یوسف چاكو چۆنیو لەتەکدا تـاوێ دوان بـەناخی حـەزو ئارەزوەکـانی یەکـدی شـۆڕ دەبووینـەوە، ئـەو قسـانەی دەمانکرد تەنها قسەی ڕووتو ئاسایی بوون.

وەلێ ئەفسوس حەمە زوو درکی بەو پەیوەندیە کردوکەوتە پەلـە قـاژەی پیلان دانان دژ بەیوسف کە وەکو دوو هاوڕێی گیانی بـەگیانی پەیوەنـدیان توندو تۆڵو تۆکمە بوو، هەر جارێ منو یوسفی پێکەوە ببینیایـە، ئیمـانی لە کەللە نەدەماو گێچی عەسابی تێك دەچوو. ئەو ڕۆژە بەهەنگاوی سادەو ڕۆیشتنێکی لەسەر خـۆ بـەرەو کافتریاکـە شـۆڕ بوومـەوە. . ڕەنگـی دەمو چاوی حەمـە تێکترشـابوو .. بـە بێزاریـەکی لـە ڕادە بـەدەر هاتـە لامو بـە نیمچە تورە بوونێکەوە هەڵیدایێ : (فریشتە ! .فریشـتە !دەمـەوێ قسـەت لەگەڵدا بکەم ) .

بـەدەم خـەنینی سـاختەوە چـاوم تێـبڕیو پـێم ووت. ( فـەرموو چـیت

دەویٚ! چ ئیشت پێمە ؟!) .

دەستی ڕاستەی لیٚ شەقاندمو شیٚتگیرانە بەگڕم داهات : ( کچی جوان چاك گوێم لیٚ بگرە .. من تۆم خۆش دەویٚ ، حەز ناکەم هێندە روو بدەیە یوسفو قسە لەگەڵ ئەو هەرچیو پەرچیو سەرەڕۆیە بکەی .. تێگەیشتی ؟!).

دڵم کەوتە لێدانی بەپەلەو گوێم لە ترپە ترپی بوو .. ئێسکی بناگوێم کەوتە جووڵە، خوێن هورژمی بۆ هێنام،دەمو چاوم بۆ چەند ڕەنگیٚ گۆڕاو بەری چاوم لێڵ بوو .. ددانەکانم قرساندولێی مڕ بوومەوە: ( زۆر چاکە .. تۆش جوان گوێم بۆ شلکە ئەمە کاری یەکەم جارت نیە زیاد لەبەرەی خۆت پیٚ ڕادەکێشی .. بۆ تۆو بۆهیچ کەسیٚ نیە قسە لە ژیانم بکات. . من لەگەڵ یوسف ڕاوەستمو ڕانەوەستم ئەوە شتێکە پەیوەندی بەتۆوە نیە تۆ نەخزمی نزیکمی و نە وەلی ئەمرمی تا دەست بخەیە کاروباری تایبەتیم، لێشت قەبوڵ ناکەم) .

حەمە وەك نەبای دیبیٚو نە بۆران، یەك دوو هەناسەی خۆ نەکردەی لە دەروون دەرپەڕیو کڕی چنی.

بەڕقەوە لچم لیٚ هەلێناو پشتم تێکرد : ( من دەڕۆم.. بەیارمەتیت ).

هێشتا شۆڕشی دەرونی دانەمرکابۆوە ، دایە قاقای پێکەنینو بەگوڕتر کەوتە هەڕەشە: (هاااا، نەڵێی پێی نەگۆتم بۆ دوا جار ئاگادارت دەکەمەوە گەرواز لەو کەر پیاوە نەهێنی، کاری خراپی بەسەر دێنم).

بەڕقەوە رووی خۆی سوڕاندو ڕۆیی. . منیش دەتوت کێوێکی گەورەم بەسەردا ڕووخاوە، وەکو پەیکەرێکی بیٚ گیان وەستا بوومو جووڵەم نەکرد .

*   *   *



## بەشی دووەم

خۆر پەیتا پـەیتا بـەرەو ناوەڕاسـتی چـەقی گـەردوون بـەرز دەبـۆوە. . دەمێ دوان لەو پەڵە هەورە ڕەش‌و بۆزو چڵکنە ڕامام کە بەسـەر ئاسمـانی ئەو شارە تێ دەپەڕی، ئاهێکی قووڵم بەدەم تەیکردنی ڕێگـاوە هەڵکێشـا، کەوتمە پرتەپرت‌و شەن‌و کەوی قسەکانی دوێنێی حەمە: ( ئـەو هەڕەشـەو گوڕەشەی حەمە رەنگە لە شتێکی سادەو ساکارو بێ بـنج‌و بنـەما بـترازێ هیچی تر نەبێ .. تۆ بڵێی ئەو کەڵە پیاوە بێ بوێرێ کـارێکی لـەو چەشـنە ئەنجام بدا ؟!ئەی بۆنا ؟! ناڵێن مرۆڤ شیری خاوی خـواردوە، ئەوەنـدەی لە سەرو سەکوت‌و بچمی ئەو کوڕە دەنۆڕم لەوانە نیە بتوانێ بچێ بە گژیاو

دەست بوەشێنێ .. شێت هەموو شتی لەدەست دێ هەرنا دەتوانێ بۆ چاو شکانو تەمێ کردنی یوسف، سێ چوار سەگو سواری تێبەردا).

نەمدەزانی چیبکەم ؟ هانا ببەمە بەر کێ ؟ هەرنا هەواڵێك بۆ یوسف بنێرم ئەو ماوانە ئاگای لە خۆ بێ.. بزەیەکی تاڵ گرتمی، کەوتمە دڵدانەوەی خۆم: ( حەمە فشەکەرە.. ئەو قسە هەڵەقو بەلەقانەی سیناریۆیەکی قۆشمەو گالتە جاڕیەو لەقسەکانی ڕادەق زنجیرە دۆبلاژ کراوەکانم دێتەوە یاد کە لە مەتەڵێ دوان بەو لاوە هیچی تر نیە).

دوای دوو ڕۆژهێشتا وەکو سێبەری هەرێکی تاریك، تەزووی ئەو ڕۆژەم لەدڵدا گوزەری دەکرد. . حەمەی چەمبەریم پشت گوێ خست، بەبینینی وام دەزانی ئەوە سەگێکە دەوەڕێ، دەحەپێ . . سێیەم ڕۆژ بەخەمباریەوە لە سووچێکی گۆڕەپانەکە وەستابووم، یوسف بەناوی تاقی کردنەوەی ئەو ڕۆژەو هەواڵپرسین هاتە لام و سەعاتێکی ڕەبەق بەیەکەوە ماینەوە دەتگوت لە زەمەنێکی دیو لە شارێکی دی دەژین، یەکەم جار بوو بچمە جیهانی عەشقو غەرامیاتو بەرامبەر مرۆڤێ بوەستم خۆشی دەویێمو خۆشم دەوێ .

بەنج ببوم، ورتەم لە دەمەوە دەر نەدەهات.. یوسف کانی پاكو بێگەردی پەنهانی ئەو عەشقەی تەقاندەوە، منیش لەئاوی کانی ئەو عەشقەدا دڵو مێشکم تێر کرد.. بەدەنگێکی هێمنەوە وتی : (فریشتە خان ئاگات لێمە ؟ ! دڵت لامە ! ئەی ڕات بەرامبەر بەم قسانە چین؟ حەز دەکەی درێژە بەقسەکانم بدەم ؟!)

سەرم هەڵبڕی و چانێ لە چاوە زیتەکانی ڕامام کە ماسی ئۆقرە نەگرتوی دەریای سپێنەکەی ببوو، بزەیەکم بۆ نایە سەر لێو: (نا .. بە پێچەوانەوە .. قسەکانت دڵگیرو خۆشن ) .

ئەویش بە میهرەوە سەری هەڵبڕیو تیلە نیگایەکی دامێ : ( دەگیانە ئێستا حەز دەکەم گوێ ڕادێرم تا لەو میحنەتو ناسۆریەی ناخی ئابلوقە داوم بۆ تاقە جارێ دڵی مەفتونم ئارامکەیتەوە ).

گوێی هەڵخست. . دەستی نایە بن چەناگەی و زمانی کلیل دا .. هەستم بە نارێکی دڵەکوتێکەم کرد. . چەند چرکەیەك لە دنیای مـەنگو خامۆشـی دا بێ حەوسەڵە مامەوە، کە درپم بەو بێدەنگیە دا: (من لە لایەنی خۆمـەوە سوپاسی ئەو هەسـتە ناسـکەت دەکـەم .. قسـەکانت بـەرزو بایەخـدارن. . سەنگو بەهای خۆیان هەیە، دەمەوێ هەمان هەستو نەستی خـۆ دەربـڕم و پێت بڵێم  کە تۆم لە گیانی خۆم خۆشتر دەوێ، ئەو قسەیەشم یەکـەمین جـارە لـە  زمـانم دەردەچـێو بـەجیهانی پـاکو بـێ خەوشـی تـۆی ئاشـنا دەکەم،  بەڵام تکایەکم هەیە لەبەر خاتری من دەچیە هـەر شـوێنێ وریـای خۆت بە چونکە لەم ڕۆژگارە پیاوی خراپو چاو چنۆك زۆرە با دەستت لـێ نەوەشێنن) .

یوسف خاو بوونەوەیەکی خۆش خاو بۆوە .. کۆڵێ کەیفساز چـۆن گـوڵ بگەشێتەوە ئاوا ڕەنگو ڕووی گەشایەوە نەیدەزانی چی بڵێو چی بکا؟!

هەردوو دەسـتمی لـەنێو دەسـتی گـرتو سـێ جـار لەسـەر یـەك گـوتی: (سوپاس .. سوپاس. .سوپاست دەکەم).

کات درەنگ داهات بەری ئاوڕدانـەوە نـەما. . دڵمـان پێـی خـۆش نـەبوو لەبەر چاوی یەکدی لاچین ، بەڵام دەشـبوو لێـك جیـا بینـەوە. . یـەکترمان جێهێشت .

من بەرەو هۆڵی کتێبخانە پێم هـەڵێناو ئـەویش شاگەشـکەو ئاسـودە بـە دەم زەردەخەنەیەکی گەشەوە بانگی کردم : ( فریشتە گیـان؟.!) کـەوتم: (گیان) بـەدەنگێکی سـۆز دارەوە: ( بەقـەد دنیـا خۆشـم دەوێـی ..خۆشـم دەوێی خوا حافیزتبێ).

شانێکم بۆی هەڵتەکاندو بە زەردەخەنەیەکی پڕماناوە : (خوات لەگەڵ).

بای  هارو شێت کەوتـە جووڵـە جـووڵو دەیلورانـد. . دەم نـا دەم خێراتـر هێرشی دێناو پاڵی بە هەموو ئەو شتانەوە دەنا کە دەهاتنە پێشی.

*   *   *



## بەشی سێیەم

بەهەنگاو نانێکی سادەو ساکارەوە چوومە لای ئەمیرە، ئەو ئەمیرەی ببوە مایەی وەفاداری، بەچەشنێ هەرچی یادگاریەکی خۆشو ترشو تاڵم هەیە لای بدرکێنمو ئەویش دەستی پێوە بگرێ، بەرامبەر بەویش بەهەمان شێوە وەك دەڵێن بوبوینە قاسەی نهێنیەکانی یەکدیو هیچ شتێکمان لە یەك نەدەشاردەوە.

ماڵی ئەو دەستە خوشکەم کەوتبوە ڕێزی ئەوماڵەی من لە گەڕەکی مەنتکاوە هۆدەو هەیوانێکم مانگانە لە قاتی سەرەوە بە پەنجا دینار لێ بەکرێ گرتبوون.. چاكو خۆشیمان کرد. . بەدەم بزەیەکی گەشەوە دەمی

هەڵێنا : (دەی پیرۆزە .. پیرۆزە .. هاااا ، چیتان کرد؟!) .

بەقەد مژێکی قووڵی جگەرە چاوەکانم نوقاند: ( سوپاست دەکەم بەس تکایە، توخوا هیچم لێ مەپرسە ئێستا هەر بە جەستە لێرەم ، ئەگینا لە دونیایەکی تر دەسوورێمەوە).

ئەمیرە چاوەکانی هەڵگلۆفت وبەمەکرەوە : ( بەیەغبار چاوت کەوە .. سەیرکە دەمێکە حەمە جرتو فرت، دێو دەچێو خەریکە لەداخان دڵی بتەقێو شێتو شبر بێ ).

ئاوڕێکی خاوو خلیچکم لێ دایەوە. . حەمە مرچو مۆن، لەناوچەوانی دا شەڕی لێ دەباری .. ڕووم سوڕاندو باوەشم لە ئەمیرەدا ، بەچرپەیەکەوە : ( گوێی مەدەیە ، لەکوێ پچڕا لەوێ بیبەستەوە. . بڕۆ با بچین دەعوەتمبە؟! ئەمڕۆ زۆر دڵخۆشم خەریکە لە خۆشیان باڵ دەگرمو دەفڕم؟! چیتوت، بڕۆین ؟!) .

سەری ڕەزامەندی بادا : ( بڕۆین .. بابڕۆین) .

بەدوو قۆڵی هەنگاومانننا. . بە شۆستەکە داغل بووینەوە تا لەو ژوورە لەنگەرمان گرت کە کەوتبوە کۆڵانێکی پڕ خەڵکی چاکو ڕۆشنبیرو کراوە .. خانوەکە دوو دەرگای هەبوو، دەرگایەکیان کەوتبوە ناو کۆڵانەکەو ئەویدی کەوتبوە دیوی ئەو ماڵەی منی تێدا بووم .. لەو ڕۆژەوە گەردوونم لەبەر چاو گۆڕا، نەم دەزانی ڕۆژو هەفتەو مانگ چۆن دێو چۆنیش تێ دەپەڕێ .. ئەو هەفتەیە دوو جاری دی منو یوسف یەکمان بینیو بە یەکەوە وەستاین .. سوێندی سۆزو پەیمانی وەفاداریمان بۆ یەکتر دووپات کردەوە، ئەمەش خۆشترین ساتەکانی ژیانمە .

* * *

شەممە لەهەردوو ڕێستی یەکەمو دووەم، ئەوەندی چاوم گێڕا یوسفم نەدی. . دلم داخورپا، ختورەی هەزارو یەك شتم بەدڵدا هات : ( زۆرسەیرە بلێ ئەو کوڕە لە کوێ بێ ؟! بۆ دیار نیە ! دەبێ هیچی لێ نەقەومابێ ؟

بۆ ئەگەر شت بقەومێ چی تێدایە ! تۆبڵێی نەخۆش بێ یا کەسێکی نزیکی مردبن، خوا نەکا). ئۆقرەم لێ هەڵگیرا.. هەر چۆنێ بوو تا کۆتایی دەوام دانم بەخۆدا گرتو. . بەشپرزەییەکی تێکەڵ بە زەلیلیەوە بە ئەمیرەم ووت: ( ئیتر تەواو، بەسە خەریکە مێشکم دەتەقێ، لەوە زیاتر ناتوانم چاوەڕێ کەم.. دڵێکی حیزانەم هەیە پێم دەڵێ حەتمەن یوسف شتێکی بەسەر هاتووە، ئەو شتە چیە؟! نازانم و تێی ناگەم).

ئەمیرە کەوتە پێشم : ( دەی بکەوە دوام بچینە لای نیازی هاوڕێی. . بێ شك ئەو شتێکی لەبارەوە دەزانێ ).

ئەوەی بە خەیاڵم نەدەهات ڕوویدا .. نیاز بەتەوسەوە هەواڵێکی جەرگ بڕی پێ ڕاگەیاندین : ( ببوورن، دەربارەی یوسف چ هەواڵێکی خۆشم پێ نیە .. سەرتان نەیەشێنم ئەم شەو تووشی چەند کەسێ هاتووە، بەر دەبنە گیانیو زۆری لێ دەدەن. . ئێستاش لەماڵەوە کەوتووە دوای تۆزێکی دی منو قادر بەتەماین بچینە سەردانی ).

دڵم بەرایی نەدا ئەو ڕۆژە بێ بینینی ئەو بەڕێکەم و نەزانم حاڵو باری تەندروستی چۆنە .. بەدەم پاڕانەوە : ( توخوا کاك نیاز ئێمە ماڵی نازانین لە کوێیە .. ئێوە هەر دەچن گەر ئێمەش ببەن مەمنون دەبین).

+نا مەمنونی پێ ناوێ. . . ئێمە هەر تەکسی دەگرین بەسەرچاو بەڵام هەوڵدەن لەم ناوە دوور نەکەونەوە چونکە پاش دە دەقە چارەگێکی دی بە یەکەوە دەڕۆین .

ئەمیرە بەتەوسەوە گووتی : ( فریشتە. .دەی با بچینە کافتریاکە. ..باشە کاکە نیاز جارێ بە یارمەتیت).

+ فەرموو . .بەخێرچن

*       *       *

سەرو لەفەی فەلافلمان خواردو لەگەڵ قادرو نیاز چووینە ماڵی یوسف کە لەسەر قەرەوێلەیەکی ڕەشی کۆنە درێژ کرابوو.. شەکەتو ماندوێتی

زۆری پێـوه دیـار بـوو .. لـه ژورێکـی ئاسـاییدا بنمیچـی ڕەش داگـەڕاو، دووکەڵی شینباوی ئەو سۆبە عەلائەدینەی تکلیەك ئاویـان نـابووە سـەری، لەگەڵ دووکەڵی ئەو جگەرە کێشانەی لێی مەیی بـوو، لـه پەڵـه هـەورێکی لۆکەیی ئاسمانی شین‌و بێگەردی دەکرد. . بەدیمەنـه شـێواوەکەی یوسـف قرچەم له هەناوەوه هەڵسا. . لەبەر ئاگری دامرکاوم دا کـز دامـام .. دەمـم بوو بەتەڵەی تەقیو ، چەندی کردم‌و کۆشـام بەپـەیڤێکی زۆر کـورتیش بـێ هاوخەمی خۆمی بۆ دەربڕم، نەمتوانی . . مەلی ئەندێشەم بەرەو جیهـانی خـەم‌و پـەژارە هـەڵفڕی .. ئـەمیرە نقورچـێکی خەوانـدمێ‌و بـه شـێنەیی : (فریشـته دەی قسـەیەك بکـه ؟! هـەی ماڵـت خـرا نـەبێ، بـا ئـەو کـوڕە بەستەزمان‌و لێدراوەی دەستی تۆ نەختێ زامەکانی دڵ‌و دەرونـی ئـەهوەن بێتەوه).

وەك مێشیشم مێوان نەبێ، وەڵامیم نەدایەوه. . ئـەمیرە سـەری دونیـای لێ وێك هاتەوه، بەناچـاری ڕووی وەرگێـڕاو بـه تالووکـەوە کەوتـه پرسـیار: (بەڕاستی کاکه یوسف بـه بیسـتنی ئـەم هەواڵـه تاسـاین ووشـك هـەڵاتین، زۆرمان پێ ناخۆش بوو .. خوا سەبەبکار بگرێ وای لێ کردی .. ئەرێ ئـەو شته چۆن بوو ؟! چۆن ڕوویدا ؟ مەبەسـتم ئەوەیـه چـما لـەو ئـان‌و سـاته کەسێ‌نەبوو یارمەتیت بدا هەرنا لێنەگەڕایە ئەو شەڕە روودات؟!).

یوسف به دەنگێکی ناسۆرو خەمناکەوە : ( نازانم چیت بۆ باسکەم ! له کوێوه دەست پێ بکەم؟! به ڕاستی ئەو شەوه دوای نان خـواردن چـوومە ماڵی پوورم ئایشه خان .. من ناخۆشـیم لەگـەڵ کـەس نیـه ، سـەعات دەو نیو گەڕامەوه. . لەو کۆڵانەی بەرەوە سێ گەنج پێشیان لێ گـرتم، سـەرەتا خۆم له گووره نەبردو تێڕوانینم بۆیان وەکو هەر هاوڵاتیەکی دیکه بـوو کـه شەوانه بەم شوێنه دێن‌و تـێ دەپـەڕن. . کـه گەیشـتمه ڕاسـتیان. . ڕێـك دەستەو کەرێیان کردو پەلاماریان دام .. بەدوان قۆڵیـان گـرتم وئـەویتریش بەمست‌و پێلەقه بەربووه وێزەم .. لێدەو بکوته. . تین‌و تاوێکی زۆرم دایه

بەرخۆ دەست بکەمەوە ، دەرەقەتیان نەهاتم. . بێ باکانـە تـا شـلـو کـوت بوون لێیاندام. . . زۆرم هاوار کردنێ: ( کوڕە بۆ وا دەکەن ئـاخر مـن چـیم کردوە ! بۆچی لێم دەدەن؟) .

پاش تێهەڵـدانێکی خـاس ، یـەکێکیان شـەقێکی لـەناو گەڵـمدا و بـەدەم هەڕەشەو گوڕەشەی زیاترەوە دەستی رادەتەکاند: ( ها اا ئەوە دوا جارتە .. وریای خۆت بەو توخنی کچی خەڵکی نەکەوی .. ڕەوشتت چاك دەکـەی چـاکیکە، کـەڕەتێکی دی بزانینــەوە، جگـە لـە کوشـتن هیچـی تـرت لێ ناکەین).

چـاوم زەق بـۆوە .. گـێرۆدەو پەشـێو , یەکسـەر قسـەکانی حەمـەم لـە مێشـکدا زرینگـاوە .. لەگـەڵ خـۆدا نقـوم بـووم، هەڕەشـەکانی حەمـەم بیرکەوتەوە کە دەیووت: ( بـۆ دوا جـار ئاگـادارت دەکەمـەوە گـەر واز لـەو کەر پیاوە نەهێنی، کاری خراپی بەسەر دێنم ).

یوسف وچانێ داما .. بەزمانێکی شەلو شۆقەوە پرسی :(فریشتە ئـەوە بۆ بێدەنگی ؟! هیچ بوە ؟ ! نازانم بۆ چی لەپێش چـاومدا ئاسـایی نیـتو لەوەتەی هاتویتە ئێرە نە بە خۆشیو ناخۆشی قسەیەکت بۆ نەکردین).

تەواو شپرزە بووبووم ، نەم دەزانی چـی بڵـێمو چـی بـۆ دەربـڕم، هـەر ئەوەندەم بۆ هات پێی بڵێم : (تۆ سەلامەت بی، گوێ مەدەرە من).

*   *   *



## بەشی چوارەم

نیازو قادر کەوتنە پستە پستو چرپەیەکیان بەگوێی یەك داو لەجێوەکانیان دایە بەر خۆ. . ڕاست بوونەوە .. وێڕای دوعا خوازی، بە ئێمەیان ووت: (ئێمە تا بازاڕ دەچینو دەگەڕێینەوە جا گەر دەڵێن دێینەوە دواتان).

ئەمیرە بەشەرمەوە : (سوپاس پێویست بەو ئەزیەتە ناکا. . بۆ خۆمان تەکسی دەگرینو دەچینەوە). کە بە هێواشی ڕووی بەلادا سوڕاندم: (فریشتە گەر تۆو یوسف قسەیەکتان هەیە بەجێتان دێڵم. . دوای ئەوان هەڵدەستمو دەڕۆمەوە ..چ)

دەستیم توند گوشیو قسەکەیم لەدەم قۆستەوە : ( شێتە ئەوە چ وڕێنەیەکە دەیکەی ؟ دەتەوێ بەتەنیا جێم بێڵیو خۆشت وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچی ؟! ئیشی وانەکەی، بەخودای هەڵسی، بەدواتەوە هەڵدەستم.. تێگەیشتی! ئەوجا خۆت کڕ کەو دەنگت لێوە نێ ).

یوسف بە لەشی شەکەتو بێ پەروادە لەسەر قەرەوێلەکە راست بۆوە.. بەئەسپایی لەسەر کورسیەکە دانیشت.

دڵم پڕ ببوو .. ماتو نیگەران، نەمتوانی لەوە زیاتر بەرگەی دیمەنە شێواوەکەی بگرم، بەدەنگێکی ناسازەوە بەئەمیرەم وت: ( دەی هەستە... درەنگە با بڕۆین). بەم قسانەسیمای یوسف زەرد هەڵگەڕا .. ناوچەوانی گرژ کردو بەئەدەبەوە : ( فریشتە ئەوە چیە؟ تۆ لە پێش چاوم ئاسایی نیت .. شتێك قەوماوە؟! شتێك هەیە لێمی دەشاریەوە سەیرە لەوەتەی هاتویەتە ئێرە، قسەیەکت بۆ نەکردم ئەوجا گڕ گڕ دەتەوێ بۆی دەرپەڕی).

کە ڕووی خۆی بەلای ئەمیرە سوڕاند، درێژەی بە قسەکانیدا: ( تۆ دەستە خوشکی فریشتەی .. هەرگیز فریشتەم وا نەدیوە، هۆی ئەو بێ دەنگیەی چیە ؟ شتێك بوەو من نایزانم ؟!)

ئەمیرە حەوسەڵەی لەبەر بڕا. . نەیدەزانێ چ قسەیەك هەڵبەستێ تا لەو پرسیارە خۆی ببورێنێ، بەپەشۆکاویەوە پێکەنیو دڵگیرانە وەڵامی دایەوە : ( ها .. ها .. هـ .. نە .. نە هیچی نیە تەنها ئەمڕۆ بەهۆی سەرقاڵ بوون بە خوێندنو تاقی کردنەوە هیلاك بوەو قیچێ سەریشی ژان دەکا).

یوسف سەری کەمتەرخەمی بەرز کردەوەورووی تێکردم : ( دەی هیچ نیە .. فریشتە حەبت بۆ بانگ کەم؟ !)

+نا .. سوپاس .. حەبم خواردوە .

ئەمیرە بەبزیەکی دەستکردەوە : ( هەڵبەتە ئەوەی جێی داخە ... )

قسەکەیم پێ بڕیو شێتانە : ( خەریکە دڵم تێك دەچێ. . دەی هەڵسە بابڕۆینەوە من چیتر بەرگەی ئێرە ناگرم).

پێم هەڵێنا. . بەرەو حەوشەی دەرەوە چووم و لەبەر دەرگاکە وەستام .. شنە بایەکی نەرم و فێنك هەڵی کردبوو .. ئەمیرە خێرا گەییە لام. . چاوی تووڕەیی تێ بڕیم و بەدەنگێکی بێزاریەوە: ( کچێ ئەوە بۆ وات لەو بەستەزمانە کرد ؟ ! ئەوە لە جیاتی هەموو دڵدانەوەیەکت بوو ؟ شێت بە شێتایەتی خۆی ئەوها ناجولێتەوە، ئەوە ئیش نەبوو کردت).

دامە پرمەی گریان ، بەدەم فرمێسك ڕشتنەوە : ( من دەمێکە لەو جۆرە گێچەڵانە دەترسم . . چارم نیە دەبێ دەست لە یوسف هەڵگرم و چیدی توخنی نەکەوم چونکە هەست دەکەم منو ئەو زۆر لە یەك دوورین).

ئەمیرە بەتوڕەییەوە : ( ئەوە ئەم قسانەت لە چیە ؟ !چی بوە ؟ دنیا کاول بوو ! چما ئێوە چەند بەیەکەوە بوونە تا واز لە یەك بێنن ؟!) .

پێڵوەکانم نەرم نەرم لێك نا : ( ئەوە دوا دیداری دونیای ڕوونمە. . هەناسەی دوا چرکەکانی ژیانمە هەڵی دەمژم.. تۆ نازانی حەمە وای لێکردوە ؟ ! ئەو قسانەی مایەی گاڵتە جاڕی بوون بووە ڕاست، چونکە من یەکێك بووم لەوانەی گاڵتەم بە زنجیرە دۆبلاژ کراوەکان دەهاتو بەلامەوە شتێکی بێ مانا بوو کەچی ئێستا خراپتر لەو دۆبلاژانە، حەمەی تورەهات یوسفی پەپولە ئاسا دادەپلۆسێ و گیانی وردو خاش دەکا.. لەسەرچی؟ تەنها لەبەر ئەوەی منی خۆش دەوێ .. نەء..نەء.ئەوە ناکەم، با دڵی من بسوتێ لەوە باشترە ئەزیەت بەو کوڕە بێ زەڕە بگاو تێك بشکێ .. ناتوانم چیتر بەرگەی کوڕێك بگرم خۆشم دەوێ. . ئەو بە ژان و ئازاری برینی جەستەی بنالێنێ و منیش هێدی هێدی سەیری کەم و بێدەنگ بم .. دەچم .. ئا .. دەبێ بچمە لای حەمە ) .

بە لۆژە لۆژ چوینە شەقامە سەرەکیەکە. . قۆڵم کرد بە قۆڵیا.. ئۆتۆمبێلێکی دوا مۆدێل وەکو تێسکەی تفەنگ بەلامانەوە تێپەڕی کە لاوێکی تازە هەڵچووی سەرەڕۆ بە تاسوجەوە دەستی بە سوکانەکە گرتبوو، ئاوڕێکی خێرای لێ داینەوەو هۆڕنێکی بێ شەرمانەی لێدا .. هەر دوای ئەو تەکسیەکمان ڕاگرتو بەرەو مەنتکاوە گەڕاینەوە.

* * *



## بەشی پێنجەم

ڕۆژی دواتر، لەژێر ڕوناکی لێڵو پڕ تەمی خۆڵە مێشی بەیان، بەئاگا هاتم .. باوێشکێکی قووڵمدا. . چاوەکانم هەڵ گلۆفت . بەدەوری خۆم دا خولامەوە .. دەمو چاوو سەرم بەملدا شۆری. . قژم داهێنا. . هەردوو قۆڵم هەڵبڕیو بن هەنگڵەکانم لە بۆدرە سوی.. چایەکەی ئێوارەم نایە سەر ئاگرو نانێکی تیریم لەسەر سەبەتە حەسیرەکە تەڕ کرد.. تابەرچایم کردو خۆم گۆڕی، تەمو مژی بەیان ڕەوی بۆوە. . خۆری تازە هەڵاتوو هێشتا لەباوەشی پەڵە پەڵە هەوری بۆزدا بوو .. بەدەم تەیکردنی ڕێگاوە لە

فکران ڕاچووم : (سەرسامم نازانم چیبکەم ! بەچ شێوازێ حەمە بدوێنم؟! واچاکە لەپێش چاوی دۆستو دوژمنا پۆتی بشکێنمو بیکەمە پەندی زەمانە).

هەر زوو شەیتانم بەنەفرەت کرد : ( دەك ملت بشکێ، چاوت کوێر بێ .. شت بە لاملی ناچێتە سەر. . کورد واتەنێ تا ماشە هەبێ دەستی خۆم ناسوتێنم .. واچاکە بە نەرمو نیانی بیدوێنم. . بەقسەی خۆش لەگەڵی بڕۆم، زانیم هەوڵەکانم بێ شوولنو هیچی لێهەڵناکڕێو لەسەرە، ئەو کاتە چی خراپە دەرهەقی دەکەم ).

پێم خستە حەرەمی زانکۆ .. بیست، بیستو پێنج هەنگاوێ چوومە پێش. . پرتاو سەری کاسم هەڵبڕی، ئەوە حەمە لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە وەستاوە، دەتوت بتێکی بێ گیانەو لەم ناوەیان چەقاندوە .. دڵم داخورپا، قاچەکانم کەوتنە لەرزینو بەدوام نەدەهاتن ، دەشبوو بچم بە گژیاو سەری بەفیتنەی چاکەمەوە. . بەتوڕەیی لەبەر دەمیدا قیت بوومەوە بەسەریم نەڕاند: ( حەمە. . حەمەی ئاخر شەڕ .. ئاخیری نەمردیو قسەی خۆت هینایە جێ ؟!). . سمێڵە خرتکەی هاتێ .. یەخەی کراسە شینەکەی گرتو بە گاڵتە ئامێزەوە : ( جارێ نە سەلامو نەکەلام .. بەم بەیانیە هێشتا خێرو شەڕ دابەش نەکراوە ئەو قسە هەلەقو بەلەقانە چیە دەیکەی ؟ ! فەرموو وەرە بەشێنەیی پێکەوە دانیشین، ئیدی چیت هەیە قسەی لێوە دەکەین .. هەڵبەتە ئەوەی لە کانی قسەکانتم هەڵێنجا هەمووی لە خاڵێکدا کۆ دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە تۆ دوێنێ سەردانی یوسفی بێ سفەتو بێ ئەمەکت کردوە بۆیە بەم چەشنە خۆت تێکداوە، توخوا ئەگەر ئاوێنەت لایە دەریکەو سەیرێکی خۆت کە ؟! هەموو کەس تووڕە دەبێ، توڕەیی وام نەدیوە ؟! دڵنیامە توڕەیشت لێ ناوەشێتەوە. .. ئەگەر مەبەستیشت ئەوەیە لە یوسف دراوە، من لێی بێ بەریمو دلگرانم بەو کارە چونکە یوسف هاوڕێی گیانی بە گیانیمە).

بەپەستو نیگەرانیەوە دەستم بڵند کردەوە شەقا زللەیەکی بخەوێنمە بنا گوێی، کە للە پووچەکەی بتەزێنم.. باش بوو کۆنترۆلی مێشکم لەدەست نەدا، زوو دەستم هێنایە خوارو بە ڕقو بێزاریەکی بێ ئەندازەوە پێم ووت : ( حەز دەکەم جەنابت ئەو ڕاستیە بزانی منو یوسف جگە لە هاوڕێیەتی بترازێ چی ترمان لەبەین نیە. . نامەوێ هاوڕێی من لەسەر شتێکی هیچو پڕو پوچ ئازار بکێشێ .. جارێکی دی دووبارەی دەکەمەوە نامەوێ هاوڕێی من لەسەر شتێکی هیچ و پڕو پوچ ئازار بکێشێ ، تێگەیشتی؟!).

حەمە بە دەم بزەیەکی توانج ئاسا: ( دەباشە وەرە بمانکوژەو لە کۆڵی دنیامانکەوە بەڵکو ئەو کوڕێژگە بۆ خۆی دەحەسێتەوە.. تۆ ئەگەر لەسەر بەڵێنی خۆت دەمێنی منیش بەڵێنت دەدەمێ چیدی پەیوەندیم بەو کوڕەوە نەمێنێ، بەڵام قسەیەك هەیە پێویستە بیزانی؟! ) .

لچم لێ هەڵێنا : ( دەی خێر بێ .. قسەی چی؟!) دەتگوت وڕێنە دەکا: ( پرچم سەراپا ڕەشە .. سمێڵم یەك تاڵ مووی سپی تێدا نیە .. چرچو لۆچیش لەسەرو سیمام نابینرێ .. منێکی قیتو قۆزو ڕۆشنبیر، چاو بریسکەی زیندوم تیا دیارەو ئەو دوو خەتە تەریبەی نێو چەوانم بە عەیبو عار ناشێ شلو شێواوم کات، ئیدی تۆ منت لە کەسێکی دی خۆشتر بوێ باشتر نیە ؟؟ باوەڕ بکە بەس من بە کەڵکت دێم .. جا مادام دەڵێی یوسف تەنها هاوڕێمەو هیچی تر. . من نامەوێ ببیسمەوە یا ببینم دوورو نزیك توخنی کەوی). لە ناخەوە زەردەیەکم هاتێ : ( ئای مرۆڤێکی دڕ دۆنگو هەڵپەرستە.. بنۆڕێ بنۆڕێ تەنیا بەرژەوەندی خۆی گەرەکە. . بسکەی سمێڵی دێ. .بابایەکە دەیان تەرم بەتەکیەوە تێپەڕێ، باکی نیە گرنگ ئەوەیە خۆی لەناو تابووتەکە نەبێو دنیا ئاو بیبا بەلایەوە چەشمە).

بەدەم زەردەخەنەیەکی گەشەوە پێی هەڵشاخام: ( لە قسەکانترا دیارە

تۆ لە یوسفت داوە ؟!) .

دایە قاقای پێکەنین‌و تێهەڵچوو : ( نا .. من شتی وام نەوتوەو شتی واناکەم، بەڵام تۆ بەزۆر وام لیَ دەکەی کە ... ) .

قسەکەیم لەدەمدا ڕنی : ( دەسەر سەرت گەڕێم‌و لەبەر پێیانت مرم .. بەسە .. توخوا بیبڕەوە، هیچی دی نە تۆ دەناسم‌و نەیوسف.. تێناگەم ئێوە چین جگە لە دوو برادەری کاتی؟! لەو دەقەوە هەردووکتان بەر نەعلەتی دونیاو قیامەت کەون). حەمە دەستی گەیاندە کونە لووتی‌و. پەنجەیەکی پیا کێشاو زمانی خستە کار : ( تۆ پابەندی بەڵێنی خۆت بە.. منیش لە بەڵێنی خۆم پەشیمان نابمەوە) .

بەتەنگە تاوی بەرەو هۆڵەکە ڕۆیشت.. ئاهێکی قووڵم لە دەروون دەرپەڕی. . ئەندێشەم بەرەو جیهانێکی نادیار فڕی:(ئاخ ئەمە چی بوو تووشم هات ؟ هەموو ئاواتێکم بووە بڵقی سەر ئاو .. ئەوەی لەو ئان‌و ساتە دەیکەم قوربانیدانی دڵ‌و گیانی خۆشەویستیمە بۆ یوسف، ئەو یوسفەی یەکەم کەس بوو لە دەرگای عەشقی دام، خۆشم ویست.. ئێستاش بڕیارێکەو داومە یان دەبێ قوربانیدەی یا قوربانیت بۆ بدرێ .. باوەڕم وایە بەواز هێنانم لە یوسف کێشەکە چارەسەر دەبێ، هیچ چارەی دیکەم نیە، دەبێ دەستی لە دەست بکەمەوە).

* * *




## بەشی شەشەم

ئەو شەش ڕۆژەی یوسف مۆڵەتی چابوونەوەی باری تەندورستی لە ناسۆری‌و کارەساتی لێدانەکە وەرگرتبوو.. لای من هەر ڕۆژێ بەقەد ساڵێك‌و هەر بیر کردنەوەیەك بە مردن‌و هەر سەر هەڵبڕین‌و چاو گێڕانێکم بە شەرمەزاری‌و ریسواییەك دەزانی .. دڵنیامە یوسف چرکە بە چرکەو دەقە بە دەقە دەژمێری‌و لە چاوەڕوانی دووبارە چوونەوەی من دایە جارێکی دی بچمەوە سەردانی‌و بەلەبزێکی شیرین‌و خەندەو دڵدانەوەیەکی ئاشقانە زامی برینی جەستەو گیانی، ئۆخژەنی پێ ببەخشم .. ئەوانەی

دەچونە سەردانی، دورو نزیک پرسیاری منی لێ دەکردن. . شەو نەبوو تاخەو بەرۆکی دەگرتم بەدەم زامێکی سارێژ نەبوو نەتلێمەوە بەتایبەتی لەمەڕ ئەو بڕیارەی بۆ پاراستنی گیانی یوسف بە حەمەمدا بوو دەبێ پابەندی بم، خۆم لە یوسف نەگەیەنم. . قسەی لەگەڵ نەکەمو وەڵامی نەدەمەوە .. ئای چاو گەشەکەم . . هەناسەو رۆح بەقەد خۆشەویستی خۆم خۆشتم دەوێ بەڵام چیبکەم ئاخ کە ناتوانم ئەو پەیمانە کوشندەو جەرگبڕە بشکێنم ناچارم دەبێ نزیکترین کەس لە دڵو دەروون بتۆرێنمو لەژووری ڕۆحی دەرکەم بێ ئەوەی هەڵەی هەبێو بەتۆز قاڵ لە ئاقاری دا دڵم گەردی گرتبێ.

ڕۆژی شەممە بە دڵە ڕاوکێو جەستەی شلو شۆقو خاوەوە چوومە کولیە. . سەرم هەڵنەبڕیو نەکەوتمە چاوگڕدان، یەکسەر بەرەو هۆڵی خوێندن شۆڕ بوومەوە، دەشمزانی یوسف ئەو ڕۆژە دێتەوە دەوامو ڕووبە ڕووم دەبێتەوە. . بێ تاقەتی هەروژمی بۆ هێنام .. حەوسەڵەو ئارامیم لەبەر بڕا ، دەتوت سەرە گێژەم گرتوە، نەم دەزانی چۆن دەڕۆم ؟ ! چۆن بیر دەکەمەوە ؟! ئەوەی شپرزەی کردبووم نەمدەزانی چۆن خۆم لەو مەتەڵە ببورمو کارێ بکەم ڕقو کینەی حەمەی پێ هەڵنەستێ ؟! حەزم دەکرد دەرسەکان زوو بەدوماهی بگەنو بچمەوە ماڵێ، کەچی پڕ بەدڵ حەزم دەکرد پەژارەو خەمو ژانی ناوەوەم لە تەماشای بەژنو باڵاوجوانی یوسف بڕەوێنمەوە .

دوا محازەرە تەواو بوو .. قوتابیان هەر یەکە بە لایەکا بڵاوەی لێدەکرد .. کتێبو دەفتەرەکانم ڕێک خستو ڕاست بوومەوە .. منو ئەمیرە بە جووتە بەرەو گۆڕەپانەکە هەنگاوی ئاساییمان نا .. دڵە کوتێ، ترسێکی نادیار ئابلۆقەی دەروونی دام و گومانێکی بێ وێنە خۆی بە گیانو جەستەمەوە نوساند، بە کلۆجێ سەرم بەسەر سینگدا هێنابووە خوار، لەیەکێ دەچووم دەسبەرداری ژیان بێو گۆشەگیر، نەیەوێ بچوکترین

هەواڵ یاشتی ئەو دەوروبەرە ببینێو بزانێ .. مەلی ئەندێشەم لەشەقەی باڵیداو دەنگی : ( ئەو کاتەتان باش ). ڕاپچڵەکاندم .. موچڕکەیەکم بە لەشدا گەڕا.. چاوم هەڵبڕی ئەوە یوسفەو بەشپرزەییەکی تێکەڵ بە زەلیلیەوە تەماشام دەکا. . گیانی تێکەڵی ئارەقەیەکی لینج بوو بوو، زمانی گەڕاند : ( ڕوخسەت هەیە فریشتە خان دەمەوێ نەختێ قسەت لەگەڵ دا بکەم) ئەمیرە بەدەم بزەیەکی واتادارەوە ڕوخسەتی لێ خواستین : ( من بە یارمەتیتان تا کافتریاکە دەچمو زۆرم پێ ناچێ دەگەڕێمەوە،ئەرێ نافەرمون لەفەیەکم لەگەڵ بخۆن ؟!) من متەقم لێوە نەهات. . یوسف بەڕێزەوە: ( دەك عافیەتت بێ ، سوپاست دەکەم) .

ئەمیرە پێی هەڵێنا .، تەواوێ دوور کەوتەوە .. یوسف هەناسەیەکی پڕ بەسیەکانی هەڵکێشا : ( فریشتە گیان هەفتەیەکی ڕەبەقە ئەو پەڕی تامەزرۆی بینینتم. . شەوو ڕۆژ لە ئاسمانی خەیاڵمای، سەرباری دەردی گرانم، بێ تۆیی هێندەی دیکە دەردەکەی گران کرد بووم.. دەمەوێ قسەم بۆ بکەی ) .

وەك لەژیاندا نەمبینیبێ : ( ببورە ناتوانم .. کاتم نیە .. تکات لێ دەکەم لەسەر ڕێم لاچۆباخەڵك بە چاوی سووكو ناشیرین سەیرمان نەکا) .

یوسف ڕەنگو رووی سور هەڵگەڕا .. پتت لێدابا دەتەقی، بە نیمچە تووڕەییەکەوە : ( بۆ کاتت نیە ؟ ! چما شەرمەکەی خەڵك بمانبینێ ؟ ! من ئەوەندە سوكو چروك نیم هەموو خەڵك دەزانێ منو تۆ وەکو پەروانە بۆ یەك سووتاوینو یەکترمان خۆش دەوێ .. ئیدی حەوجێ بەخۆ شاردنەوە ناکا ) .

زۆر بەشێنەیی: ( یوسف گیان داوای لێبوردنم هەیە .. من تۆم خۆش ناوێ. . حەزیش ناکەم لەگەڵم بوەستی .. بۆیە نە بمناسەو نە دەتناسم ).

کەلکەلەی ڕۆیشتنم کەوتە سەر. . شەقاوم دا .. هاتە پێشمو بەدەم نزاو بە پاڕانەوە : ( نا.. ناهێڵم برۆی تا نەزانم بۆچی وا لەناکاو گۆڕای؟!

فـەرموو هۆیەکـەم بـۆ ڕوونکـەوە ئەگـەر قەناعـەتم پـێ هـات وەعـد بـێ نـە لەگـەڵت دەوەسـتمو نەقسەشـت لەگـەڵ دەکـەم .. بـەڵام کـوا بـەڵێنو پەیمانـەکانت ؟ ! کـێ بـوو دەیگـوت تـەنها تـۆم خـۆش دەوێ ؟ تێناگـەم خەریکە مێشکم جام دەکاو دەتەقێ .. پێم ناڵێی بۆ وادەکـەیو بۆچـی وا لە خۆت دەگۆڕی ؟! چۆن توانیت هەفتەیەك بێ من ببەیە سەر لەکاتێك دا چـاك دەتزانـی چـیم بەسـەر هـاتوەو چـەنێك پێویسـتیم بـە بـونی تـۆو دڵدانەوەی تۆیە؟! دەبوو ئەو ڕۆژەی هاتیە ماڵمـانو بـە کـڕو کـپو مـاتیم بینـی، راسـتەوخۆ بمزانیبایـە ئـەو ماسـتە موویـەکی تێدایـە، بـێ دەنگیـت مانایەکی قووڵ هەڵدەگرێو دەمکوژێ).

ئـەو ئاسـنە ساردەی لەگـەڵی دەکوتـام .. زۆری گـوتو زۆری ڕێسـت ، وەلێ هیچـی لێ سـەوز نـەکردم.. کـوێرایم دایـێ، هـەموو قسـەکانی بـەجێو ڕاست بوون، کەچی وەڵامم نەدایـەوە تـەنها ئـەوە نـەبێ زۆر بەپـەلـە جێـی بێڵمو بە هەمان ڕێگای پێشوو مل بنێمو بڕۆمەوە ماڵ.

* * *



## بەشی حەوتەم

ڕۆژی پاشتر لەماڵەوە دەرنەچووم و خۆم بەند کرد. . خۆم لە خوێندن دزیەوە. . هەموو ئەو شەوە لەنێو تەنیایی تاریکی ئەنگوستە چاودا نووزامەوە .. بە کوڵ دەگریام. . بیرم دەکردەوە. . . هێندەم مەراق خوارد ، سەرێشەم گرتو گریانم هێمنی ژوورەکەی شڵەقاند بوو، ئێستاش نەمزانی کەیو چۆن خەو بۆ خۆی بردمەوە. . لە بەیانی ڕۆژێکی تازەدا، سێبەری درەختەکان لەدەست تیژی خۆرەکە خەریکی جێ گۆڕکێ بوون .. ئەمیرە بلوزێکی سوورو تەنورەیەکی ڕەشی لەبەردابوو .. بە ژوورکەوت

.. وێڕای بەیانی باش ، دەستمی ڕاکێشاو خستیە دەستیەوە : ( قەزات لـە گیانم فریشتە .. تۆ بەناوە هۆشمەندو بە ورەو وەزنی، ئـەوە حالـە، خـۆت دیوە ڕەنگو فیسالّت چی لێ هاتوە؟! بۆ لەچتو خۆڕایی سـەر لـە خـۆت دەشێوێنی ؟! مادام ناتوانی بەرگەی ئەو بارو دۆخە بگری، فەرموو بچۆرە لای یوسفو وەکو هێلکەیەکی پاك کراو ئـەوەی هەیـەو نیـە بیخـەرە سـەر بەرەو پێی بلّێ .. خۆ دونیا ناڕوخێ. . دونیا کاول دەبێ؟! ).

بـەدەم هەنسـکدانەوە: ( نـا .. ئەمـە شـتێکی مەحالّـە نـاتوانم هیچـی لا بدرکێنم چونکە بـە درکانـدنی ڕاسـتیەکان ئەوەنـدەی دیکـە تـوڕە دەبـێو سەری دونیای لێ وێك دێتەوە، دوا شت کـار بـەوە دەگـات ڕێگـە بـە حەمـە بگـرێو بەشـەڕ بـێن .. کـە کێشـەکە ئـالۆزتر بـوو.. مـن مـۆخی حەمـەم خوێندبێتەوە، بەلاّیەکە بـۆ خـۆی. . . دەسـتی وەشـاند ، دەیوەشـێنێ .. ئەو وەختە قوڕم بۆ دەگیرێتەوەو منیش بەناچاری دەبـێ ئێـرە جـێ بـێلّم، بۆیە نامـەوێ ئـەم گرفتـە لـەوە زیـاتر پـەرە بسـێنی ... سندان لەمنـداو قیروسیام لێبێ ، خۆشەویستی خۆم دەکەمە قوربانی، تەنها یوسف توشی پەلاماری ئەو سەگباب خێوە نەیەت چونکە بێ ئەدەبیەکەی بەچەشـنێکی ئەو تۆیە لەدەستی دێ لە جاری یەکەم خـراپتری بەسـەر بێنـێو ئـەوجارە ڕێـك بیکـوژێ..ئـەو کـات چ وەلاّمـی خـۆم دەمـەوە؟ ! دونیـا تـامی چ دەمێنێ؟! چۆن نامرم ؟).

ئەمیرە دوا نیگای دەزولەیی فرمێسکی چاومی سڕیەوە. . دەستی کردە ملـم، منـیش خـۆم نایـە سـەر سـینگو بـەرۆکی نـەرمو پـانو دۆدانـەییو گۆشتنەکەی .

ئـەمیرە بـۆمن لـە جێـی دایـكو بـاوكو خوشـكو بـرا بـوو. . خۆشـیو بەختـەوەری زۆری بەخشـیبوە دڵو دەرونم. . بـە ئەسـپایی جامـێ ئـاوی خەستو خۆڵی ساردی لە ترمزەکە هێناو بـۆی ڕاگـرتم : (فـەرموو هـەناوت سارد کەوە ) .

دەستە لەرزۆکەکەم گەیاندیێو دوا قومی جامەکەم هەڵلوشی. . دامەوە دەستی .. کزەبای شەماڵ ئارەقەی لەشی نەهێشتمو برژانگە تلیساوەکانم ڕەپ بوونەوە.. بەدەم هەناسەیەکی خۆنەکردە : ( دەزانی ئەگەر دەستەخوشکێکی وەکو تۆم نەبوایە . قەت لێرە ئیدارەم نەدەکرد و بەرگەی کولە مەرگی و مشەقەی ژیانم نەدەگرت) . لەدەنگی تەقەی دەرگای حەوشە کە، سڵەمیمەوە .. بەترسو بیمەوە سەرم هەڵبڕی .. ئەمیرە هات بچێتە خوارێ . . . بەڕاڕاییەکی زۆرەوە توند قۆڵیم گوشی : (کچێ نەکەی دەرگە کەیەوە .. دڵم خەبەرم دەداتێ ئەو کەسە یوسف بێ).

بەهێواشی لە درزی پەردەی پەنجەرە بچووکەکەوە تەماشای خوارەوەم کرد ئەوە یوسفە دێو دەچێ و چاوەڕوانە من بچم دەرگای لە ڕوودا والا کەم. . چەند جارێکی دی لەدەرگاکەی داو زانی کەس بە پیل دەنگیەوە نایێ ، سەری خۆی داگرتو بەدڵشکاویەوە ڕۆیی.

خەفەت ناخی هەنجنیم. . هەستم دەکرد تاوانێکی گەورەم ئەنجام داوە ئەویش دەرگا نەکردنەوەیە لە ڕووی نزیکترین کەس .. دەردەشەی خۆم بڕاندەوە بۆ هەفتەیەك بچمەوە سلێمانی، وەلێ سەرۆکی بەشەکەمان ڕازی نەبوو تەنها مۆڵەتی سێ ڕۆژی پێدام .

ئەو هەواڵە دەتوت تەڵە پووشەو بەدەم ڕەشەباوە دەڕوا..دەڕوا. . ئاوا گەییەوە دەم حەمە .. هاتە سەر ڕێم: ( فریشتە لەو سێ ڕۆژەی دەچیەوە ، چاوەڕێمکە نیازم وایە بێمە لای دایكو باوکتو داوای داوای دەستت کەم شووم پێبکەی .. هیچ گومانم نیە دایكو باوکت بە بینینی منو گوێگرتن لە قسەکانم بێ چەندو چوون ڕازی دەبن .. ها چیت ووت؟!)

دەتگوت لەسەر بانێکی بەرزم بەر دەدەنەوە.. ناوچەوانم لێك ناو بە توڕەییەوە : (چی؟! ئەو قسە پڕو پوچانە چیە دەیکەی ؟! قەت دڵت بەوە خۆش نەبێ ئەگەر لە هەموو دونیادا پیاوێك نەمابێ و قەیرانی بێ

پیاوی بێ ئەو جا شووت پێ ناکەم.. بەخوای بشزانمەوە بێیە ماڵمان، بەباوك دەڵێم پڕ شەقتکاو بەمستو پێلەقە دەرتکا .. بۆیە لە هیچو خۆڕایی حەیاو ناموسو ئابڕووی خۆت مەبە .. لەوە زیاتر چیت دەوێ ئەوە بڕای بڕ وازم لە یوسف هێناو تەواو.. ئیدی بۆ وازم لێ نایەنی؟!)

حەمە خۆی گیڤ کردەوە : (بەخودای تا روحی من مابێ ناهێڵم کەس نزیکت کەوێ) .

ناوچەوانم گرژ کردو بە بێزاریەکەوە پێم هەلێنا : ( بەڕاستی کابرایەکی سەیرەو چ تەرحە پیاوێکە ؟! لەلای حەمە شێستی مانگە .. من بەناوە دڵو جەرگم لە پێناو نەمانی ئەو کێشەیە سوتاندوە ئەویش خراپتر لە جاران هەر لەسەر بیر کردنەوەی کەللە ڕەقو پڕو پوچی خۆیەتیو لەکەلی شەیتان نایەتە خوارەوە) .

گەشتەکەم بەئاراستەیەکی تر گۆڕی .. لە جیاتی چونەوەم بۆ سلێمانی، بڕیارمدا هەر سێ ڕۆژەکە لە هەولێرو لە نێو ژووره وشکو ساردو سڕەکەم ببەمە سەر.

* * *



## بەشی هەشتەم

یوسف هەمان ڕۆژ چووبووە لای ئەمیرەو دوای هەناسەیەکی خۆ نەکردە ، پێی وتبوو:( تکات لیٚ دەکەم ڕاستم پێ بڵێ : کێ لە پشت پەردەی ئەو گۆڕانە کتو پڕەی فریشتە دایە؟!ئەو کەسە کێیە دەستی لەپشت دەداو هانی دەدا وازم لێ بێنێ ؟ دەستم دامێنت گەر شتێکی لەبارەوە دەزانی پێم بڵێ ، چونکە بزانم فریشتە یەکێکی دی خۆش دەوێ و دڵی پێوەیە، شەرتبێ نزیکی نەکەومو وەکو یەك لە خوشکەکانمی سەیر کەم.. گەر باوەڕیشت هەیە من ڕۆژ نیە نەمرمو نەژێمەوە توخوا ئەوە حاڵە منی تێدام؟!).

ئەمیرە بە زەردەخەنەیەکی بە مەغزاوە پێی دەڵێ:(ئاسانە من لە سیرێ هەتا پیوازێ هەموو شتەکانت بۆ بگێڕمەوە .. چبکەم بەڵێنم داوە جگە لە گڵ کەس لێمی نەبیستێتەوە ئێستاش هەر چیەکت لا بدرکێنم بەڵێن شکانێکی زەق و ئاشکرایە .. ئەو بەستەزمانە دوو ڕۆژە خۆی بەند کردوە تاوەکو تۆ لە گرفتو کێشمە کێشی لابەلا بپارێزێ).

یوسف بەو قسەیە کێچی دەکەوێتە کەوڵو شێتو هار دەبێ : (چۆن؟! بۆچی بۆ من خۆی دەکوژێ ؟! دەبلێ چی بوە؟ چ قەوماوە؟!).

گوێی قوڵاغ دەکا .. ئەمیرە تیلە نیگایەکی دەداتێو پێی دەڵێ : (کاکە یوسف گەر بەڵێنم دەدەیە ناچیە گیانی کەسو یەخەی کەس ناگری، ئامادەم قسەت بۆ بکەم دەنا بەداخەوە ناتوانی هیچم لێ هەڵکرێنی) .

یوسف بەتاسەوە پێی دەڵێ: (بەڵێنت دەدەمێ جگە لە گفتو گۆو لێك گەیشتن ، پەنا نەبەمە بەر هیچی تر).

ئەمیرە بە تەوسەوە پێدادێو سەردولکەی حەمەی بۆ باس دەکا. . دوا شت پێی دەڵێ : (فریشتە هەر تۆی خۆش دەوێو دڵی بە کەسی ترەوە نیە بەڵام حەمەی ڕێگرو چەقاوەسو ناهێڵێ بە سەلامەتی بژێ .. فەرموو دوێنێ یەخەی گرتوەوپێی وتووە من بۆ داخوازی تۆ دێمە سلێمانی .. ئەویش پێی هەڵدەشاخێو ڕەفزێکی گەورەی دەداتێ).

یوسف موچڕکەیەکی بە لەش دا دەگەڕێو لەکەڵە موستی پێیەوە دەردەچێ. . دەست بە فینگە فینگو گریان دەکا:( دیارە من مردووم بۆیە حەمە وا دەکا ؟ !با حەمە ئەو پیاوە بێ ڕێ لە فریشتە بگرێ ئەوجا دەزانم چۆن تەمێ خواردوی دەکەمو چی بەسەر دێنم کەتا هەتایە لەبیر بکرێو بەتەواوی بکەوێتە ژێر تەمی لەبیر چوونەوە)

* * *



## بەشی نۆیەم

کات بەرەو خۆر ئاوابوون ملی دەنا .. وەکو مرۆڤێکی بێ ورەو داڕوخاو لەسەر پشت پاڵکەوتبووم، بە ئیشتیاوە سەیری ئەو رەسمەم دەکرد کە منو یوسف لە کولیە بەیەکەوە گرتبوومان.. بەدەم ئەندێشەو جیهانی ئەشقو ئەوینەوە لەقسە خۆشەکانی یوسف رامابووم. . بەتاسەوە تەماشای بەژنوبالای بەرزیم دەکرد ، تەقەی دەرگاکە کەلکەلەی بیر کردنەوەی پچڕیم.. رەسمەکەم لەسەر دۆشەکەکە داناو لەسەر پێخەفەکە ڕاست بوومەوە .. هەنگاوی خێرام نا ، لەدڵەوە دەم وت: ( هەبێو نەبێ ئەوە ئەمیرەی دەستە خوشکمە، ئەمڕۆ دیار نەبووە سەرێکمان لێدا وا ئێستا

دەیەوێ بێتە لام) .

دەرگاکـەم خسـتە سـەر پشـت .. ئـەوەی چـاوەڕوانیم نـەدەکرد ڕوویـدا ، دەنۆڕم ئەوە حەمە سەر شێتە.. زەندەقم چوو.. چاوئەبلەق . . حەپەسـام ، ویستم دەرگاکەی لەڕوودا قەپات کەمو بچمەوە سەرێ .. لەسـەرو سـیمای دا ڕقو توڕەییەکی زۆر دەبینرا، بە بینینی من خۆی شێلو نەکردو دایە تریقەی پێکەنین و بـەبێ ڕوخسـەت خواسـتن هەڵکشـایە سـەرەوە تـا لـە ژوورەکـەدا سەرچاوەی گرت . .لەفکرام ڕاچووم: (بڕۆنێ بڕۆنێ چ بێ حەیایەکە . .چـۆن پێدەکـەنێو گاڵتـەی بـە هـەموو شـت دێ؟!). ڕووبـەڕووی بوومـەوە، بەکەساسیەوە چرپاندمە بـەر گـوێی : ( کەسـی کـاکی .. پـێم نـاڵێی بـە چ هەقێك دێیە ژوورەوە؟! فەرموو تـا دەرو دراوسـێو کـۆڵانم لێ پڕنـەکردووی، بێ هەستو خووست بچووە دەرەوەو سەرم مەیەشێنە).

حەمە قسەکانمی بە کارێکی گاڵتە جاڕیو جەفـەنگ زانـی .. چـاوێکی بـە شەقامە بچووکەکەی لای چەپە زاخاو داو ترو تووڕە کە تیلە نیگایـەکی دایـە وێنەکەی مـنو یوسـف، چـاوی زەق بـۆوە .. جڕتێکـی کێشـاو بـێ ئەدەبانـە شیڕاندی : (من دەموت وایـە تـۆ واز لـەو نەعلـەت کوشـتیە نـاهێنیو هێشـتا خۆشت دەوێ .. بەڵام من کوڕی پیاوی مـەرد بمو حەمـە نـەبم گـەر نەیکەمـە عیبرەتو پەندی زەمانە.. کوشتن باشترین ڕێگە چارەیەو نابێ ئـاوا سـووكو ساناش لەسەرتۆ ئاوابێ.. هەموو کولیـەت لێ پـڕ دەکـەم تـا بتناسـنو بـزانن منو تۆ پەیوەندی جنسیمان بەیەکەوە هەیە).

دەستی بۆ ڕسمەکە درێژ کرد . .من پـێش ئـەو پڕمـداییو هەڵمگرتـەوە.. ئـەویش تونـد قـۆڵی گـرتمو ڕایکێشـا .. بەئاسـانی ڕەسمەکـەی لـە دەسـت دەرێنامو بەتوندو تیژیەوە پرسی : ( دیارە تۆ لەکەرخی خۆت ناکەوی؟!)

دەستمی تووڕ هەڵداو لەپێش چاومدا ڕەسمەکەی کردە دوو پارچـەو جـڕو پـڕی کـردو فڕێیـدا.. ئـەوجا بـە هـەموو هێـزی خۆیـەوە پـاڵێکی پێـوە نـامو هەڵیدامە سەر دۆشەکەکە.. بە شـڵەژاویەوە ڕووی وەرچـەرخاندو دەر پەڕیـە دەرەوە. . دەرگاکەی شەق پێوە دا .. بەکوڵ گریـام .. هەنسـکی قـووڵم لـە ژوورەکە دەنگی دەداوە، پارچە پارچـەی ڕەسمەکـەم خـڕ کـردەوە، هێنامـە بەر بینمو فرمێسکەکانم ڕەسمەکەی تەڕ کرد .. دەنگی پێی کەسێکی دیکـە

هێنـدەی دی دڵـە لـەرزەی پـێ خسـتم کـە بەپەلـە پـروزێ بـۆ سـەرەوە هەڵدەکشا.. سەری پڕ کاسم هەڵبڕی ، ئەوە یوسفە ..شپرزە لە ڕقـان کـەفی دەپرژاند، دەمـی بوبـوە تەڵـەی تـەقیو، نەیـدەزانی بڵـێ چـیولە تووڕەییـان گشت ئازای بەدەنی دەلەرزی .. کەمێ ئەهوەن بۆوە ، دانـی بـەخۆدا گـرتو بەدەم جنێو دانەوە : ( پێم بڵێ ئەو خوێڕیو سـەگ شـیرە چـی کـرد! چـی پێ وتـی ! ئازاری دای ؟!) .

یەك دوو هـەنگاو هاتـە پـێش، بـە زەردەخەنەیـەکی دەسـتکردەوە: ( مـن دەچم ئەو سەگباب خێوە دەکوژم .. بزانم هەقی بەسەر منو تۆ چیە؟!).

ڕووی وەرچەرخاند، بە هەنسکدانەوە تکام لێی کرد : ( خوایـە کـرد حەمـە ملی دەشکاو ئەستۆی ورد دەبوو.. تکات لێ دەکەم واز لەو شێتە بێنە ).

کــەمێ دامرکــاوە. . ڕووی وەرگێــڕاو یــەك دوو شــەقاو هاتــە پــێشو بەنەرمیەوە دەستمی گرت .. چـاوەکانی وەکـو ببنـە کـۆترێکی نـاو هێلانـەو بەسەر بێچوەکانیدا هەڵکوڕمابن، بە زەلیلیەوە وتـی: ( تۆبۆ وام لێدەکەیو وا لە خۆت دەکەی ؟! حەمەو حەمە.. حەمە کێ یە تا .. ) .

دەستم لەدەستی ڕاپسکاندو قسـەکەیم لەدەسـتم قۆسـتەوە : ( پێشـەکی جارێ تۆ لێم دوورکەوە .. من بەهۆی تۆوە ڕۆژ نیە جـەرگم نەیەتـە سـوێ .. برۆ خۆشم ناوێی .. بەسە ئیتر وازم لێبێنە .. توخوا بـۆ وادەکـەی ؟!بۆچـی بەتۆو حەمە نایەڵن بحەسێمەوە .. نایەڵن بە خۆشی بژیم .. مێشکم پڕ بـووە چیتر بەرگـەی ئەموەزعـە نـاگرمو سـەرم هەڵدەگرم .. دەسـت لـە خوێنـدن دەکەمەوە .. ئێرە جێدێڵم .. هەر لەوەتەی تۆم ناسیوە حەمە ژیـانی لێ تـاڵ کردوم .. دەی برۆ دەرەوە نامەوێ چیدی چارەو بچمت ببینم.. ڕقـم لێتـە .. لێتە.. ڕقم لێت دەبێتەوە) .

بێدەنگی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا .. یوسف دڵـی گوشـرا، نەیـدەزانی چی بکـات، دڵ نـەرمو میهرەبانانـە باوەشـی لێدامو خسـتمیە سـەر سـینەی خۆیەوە .. کەوتە گەڕانو سووڕان .. گەڕان بەدوای ووشەی نـەرمو ناسـك تـا دڵی شکاوم نەڕەنجێو دەروونم ژێر کاتەوە .. هێمنانە دڕی بەبێدەنگیەکەدا: ( گیانەکەم.. بینایی چـاوم .. توخـوا هیچـی دی ئـازارم مـەدە.. مـن بـێ تـۆ ناژیمو قەبوڵم نیە حەمە بەم چەشنە هەستت بریندار کـاو ئـازارت بـدا .. تکـا

دەکەم خەم لە خۆ بتەکێنەو هێندە گوێ مەدەرە قسـەکانی .. مەترسـێ مـن نەشەڕی پێ دەفرۆشمو بەجۆرێ چاری دەکەم جارێکی تـر زاتـی ئـەوە نـەکا بێ بەگژتا. . دەبێ سنورێکی بۆ دابنرێ چونکە بە پشت گوێ خستنو ئەگەر ئەوەی لێ بەسەر بچێ ، دوو رۆژی دی شتی لەوە خراپتریش دەکا).

تەزوویەکی گەرمم بەدەمارەکانی لەشدا گـوزەری کـرد.. ئەوەنـدەی دیکـە هەنسکی گریانەکەم بـەکوڵتر بـوو .. زۆر بـە کـوڵ گریـام تـا قەمیسـی بـەری یوسفم تەڕکرد.. هێدی هێدی دڵم ئەهوەن بۆوە. . کە لە خۆم ڕامام ئەوە لە باوەشی یوسفدام، بە شـڵەژاویەوە دوور کەوتمـەوە، بـەدەنگێکی قێزەونـەوە پێم وت: ( تکایە نزیکم مەکەوە).

یوسف لەسـەر چیچکان ڕۆنیشـت، زمـانی کەوتـە گـۆ : ( ببـورە گیانـە .. گیانـە تـۆ بۆچـی وادەکـەی هـەردووکمان بـەئاگری کابرایـەکی (کـەم ئـەقڵ) بسووتێین ؟! حەمە چ منەتی پێیە؟! من دەزانم خۆشمت دەوێو منیش بێ تۆ هەڵناکەم).

بەئاهو ناڵەوە هاتمە جواب: ( جاقوربان کێ دەڵێ من تۆم خۆش دەوێ؟! بەچی دەزانی ؟!) .

قسەکەی پێ بڕیم : ( پێویسـت ناکـا ڕاسـتیەکان بشـاریەوە. . بـۆ ڕاسـتی ناڵێی ؟!)دەستی ڕاستەم بەسەر پشتی دەستی چـەپەم کێشـاو بەتالوکـەوە هەڵمدایێ: ( خۆ ئیشەڵڵا ناڵێی درۆ دەکەی ؟! یـەك جـار وتم ڕقـم لێتـە واتـا ڕقم لێتەو وازم لێ بێنە).

توند دەستی گرتمو هاتە دەنگ: (دەخیلتبم تـۆ لەژیانـدا هـەموو ئـاواتێکی منی .. درۆم لەگەڵ مەکە .. تۆ لەمن بترازێ کەسی ترت خۆش ناوێ ) .

بەدەم زەردەخەنەیەکی پڕشنگدارەوە : (چچیییی؟! بە چـی دەزانـی؟! چما لەناو دڵمای ؟!) .

بزەیەکی تاڵی نایە سەر لێو : ( بەچاوت دەزانم . . چاوت دەخوێنمەوە) .

پشـتم تێکـرد. . هاتــە پێشـمو قسـەکەی دووبـارە کـردەوە: ( بەچـاوت دەزانم.. چاوت دەخوێنمەوە.. دە تەماشامکە تەنها جارێ تەماشامکە) .

کە چاوم هەڵبڕی، بە قووڵی تێم ڕاما: ( هەر چـەندە چـاوت ببیـنم، خـەمو میحنەتو ئێشو ژانی دونیـام لـەبیر دەچـێتەوە.. تـۆش کـە سـەیرم دەکـەی

وادەزانم خۆشمت دەویٚو چاوەکانت درۆ ناکەن .. تکایە نکۆڵی لەم واقیعە مەکە.. منو تۆ بیٚ یەك ناژین).

فرمێسکی چاوانم شەرمی نەکردو لە دەریای دیدەمدا ڕژا .. بە ڕوویەکی چرچو گرژەوە : ( یوسف ..بەسە .. توخوا بەس ئازارم دە) .

بە کزۆڵیەوە سەری بۆ هەژاندم و تێهەڵچوو: ( نا گیانە قەت لەفەرهەنگی مندا نیە ڕۆژیٚ لەرۆژان ئازارتدەم.. کیٚ هەیە دڵی خۆی بتۆریٚنیٚ , دڵی خۆی بشیٚویٚنیٚ وبەدەستی خۆی لەجەستەیدا دەریبیٚنیٚ ؟! تۆ ئارام بەخشوو ئیلهام و دڵی منی تا ئازاری گیانی بلورینی خۆت ومن نەدەی باوەڕ مەکە بتوانم ئازارت بدەم، ئەگەر باوەڕیش ناکەی فەرموو پڕ بە گەرووم هاوار دەکەم: تۆم خۆش دەویٚ یٚیٚیٚیٚ) .

پەنجەی شایەتمانی گەیاندە بەر بینمو فرمێسکەکانی پیٚ سڕی: ( دەی گیانە بتبینم بۆ یەکجار پیٚبکەنە. . دەمێکە وادەزانم هەزار ساڵ دەبیٚ تۆم بە ڕووخۆشی نەدیوە، گەر بۆ دوایین جاریش بیٚ ، بزیەکی سەر لێوتم پیٚ ببەخشە با دڵی مەفتونم ئۆقرە بگریٚو ئارام بێتەوە) .

گوێچکەی قوت کردەوە .. هەر چاوێکی کردە دوو چاو و بڕیە دەمو زارم.. بە دەربڕینی ئەو گفتە خۆشانەی وەکو شینم تازە بێتەوە، خۆم بۆ نەگیرا، خزامە ئامێزی گەرمی .. هەستم دەکرد ئەو جیهانە خۆشەویستیەی پێشتر بینیبوم هێشتا گیانی جووڵە و زیندوێتی تیا ماوە.. تاویٚ دووان لەباوەشی مامەوە ، ئەویش بەمیهرو سۆزەوە دەستی بەسەر سەرم دادێنا.. سەرم هەڵبڕی، یوسف لەنیگای چاوانیدا جیهانی ئەوینی پیٚ نیشان دەدام، بەهێمنی لێوەکانی جووڵاند: ( خۆشتم دەویٚ .. ئەی تۆ منت خۆش دەویٚ؟!).

خامۆشیەکی بیٚ زەوار باڵی خۆی کێشا .. تاقە پیتیٚ نەهاتەسەر دەمم تا هەستی خۆمی لە بارەوە بۆ دەربڕم.. کاتێکم زانی دوو لێوی نەرمو نیانی نایە سەر لێومو بۆسەی لێومی داگیر کرد.. بەپەلە خۆم دوور خستەوە: (ئای خەریکە هەڵەدەکەیت .. دەی یوسف گیان ئێستا حەز دەکەم لێرە بڕۆی نەوەکو یەکیٚ بیٚو بمانبینیٚ) .

گیانم کەوتە مێرووله. . ترسو بیمم لیٚ نیشت چونکە ئەو یەکەم کەسە لە

ژیاندا ماچی لێوەکانم کات.. تەریق بۆوە .. هەستی بە شەرمەزاریەکی زۆر کرد وبە کزۆڵیەوە : ( بمبورە بەدەست خۆم نەبوو .. بەسەرچاو بەسەرچاو وا دەڕۆم بەس تۆ دەبێ ئاگات لە خۆ بێ یەکێ هاتە ئێرەو نەتناسی، دەرگای لێ نەکەیەوە .. بەیانیش لە کۆلێژ یەکدی دەبینین‌و بەیەکەوە قسەکان تەواو دەکەین .. بۆ مەسەلەی حەمەش ئەوە کێشەی منەو بۆ منی لێگەڕێ .. خۆ ئەگەر دەشترسێی، وەرە بابتبەمە ماڵی ئەمیرەو هەم دڵم ئۆقرە دەگرێ‌و هەم تۆش بە دڵنیاییەوە شەو دەکەیەوە).

وتم : (نا پێویست بەمە ناکا.. ئەم شەو لێرە دەمێنمەوە، هەر زانیم بۆم نالوێ ئەوسا دەچمە ماڵی ئەمیرە بەڵام توخوا تۆش ئاگات لە خۆبێ‌و دڵت بەمنەوە نەبێ ) .

یوسف لەمن هیلاکتر ، بەرەو دەرگای خوارەوە هەیپێی لێکردو لەبەر قاپیەوە: (خواحافیز .. ئاگات لە خۆ بێ) .

وەکو بترسێ زرمەی دەرگاکە، سەری ئەو ماڵەی ژێرەوە بیەشێنێ ، بە هێواشی پێوەیدا.. ئاوڕێکی چوستو چالاکی لێدامەوە: ( گیانە دڵمت ئاسوودە نەکرد .. حەز دەکەم بە دڵ فراوانی‌و ئاسوودەییەوە ئەم شەو ببەمە سەر) .

کەلەبەرامبەری وەستا بووم ، بەدەم زەردەخەنەیەکی گەشەوە پێم وت: (گیانە دڵنیابە لە تۆ بەو لاوە کەسی ترم خۆش ناوێ‌و بێ تۆ ژیانی من دۆزەخە) .

ئاهێکی شادی پڕ بە سیەکانی هەڵکێشاو دەستی بە ماچی بۆ ناردم‌و ڕۆی.

لە پەنجەرە بچوکەکەوەچاوم بڕیە ئاسمانی شین. . کاتێکیش خۆم هەڵدایە سەر پێخەفەکەو لێفەکەم دا بەخۆما، تا وەختانێکی درەنگ کەوتمە بیر کردنەوە .. هێدی هێدی پێڵوەکانی چاوم قورس بوون‌و جەستەم شل‌و خاو بۆوە .. خەو دوا میوانی بیرم بوو ، لە دەگای ئەندێشەمیدا.

*   *   *



## بەشی دەیەم

ململانێی حەمەو یوسف ڕۆژ بەڕۆژ پەرەی دەسەند .. بەمە هیندەی دیکە بەرەو وشك بوونەوەو داڕوخانی دەروونیو جەستەیی دەچووم، تەنها ئەوەندەم مابوو لە پێستی خۆدا دەرچم و سەری جەنجاڵم هەڵگرم .. ئەوە ژیان نیە منی تێدام.. لەگەڵ قەدەر هیچ ناکرێ، دیارە بەشمان هەر ئەوەیەو تەواو .. یوسف دەچێتە ماڵی عەزیز باوکی حەمەو سەعاتێکی ڕەبەق دادەنیشێو باسی خۆی لەگەڵ دەکاتەوە. .. کاتێکیش هەڵدەستێ، بە حورمەتەوە بەمام عەزیز دەڵێ : ( قوربان ئەوەی گێڕامەوە ڕاستیەو هیچ خیلافێکی تێدا نیە.. کێشەکە تا لەبەرایدایەو

زەق و گەورەتر نەبۆتەوە، پێم خۆشە جەنابتان دەست بخەنە ناوی. . چ ڕێو شوێنێ دەگرنە بەرو لەم ڕووەوە چ شتێکتان پێ باشە من سوپاست دەکەم چونکە دووبارە بوونەوەی ئەو روداوە ڕەنگە ئەو جارەیان زۆر بە خراپ بەسەریا بشکێتەوە، بۆیە ئەوەی لەتۆم داوایە سەرزەنشتی بکەی‌و سنورێك بۆ حەمە دانێی، لەو سنورە زیاتر پێبزێوی نەکا) عەزیز وەکو دوا قسە پێی دەڵێ : ( حەمە کوڕی منەو باشی دەناسم چەندی لە بارتەقادایە ..ئەو پەتا پیسەی تووشی بووە، دکتۆر نەماوە نەیبەمە لای .. هەمووان کۆکن لەسەر ئەو ڕایە کە دەبێ دڵی حەمە ڕاگیرێ‌و قسەی لەقسە نەکرێ چونکە تاملی لەبەر مل بندرێ شێرازی دەرروونی خراپ تێك دەچێ و ڕەنگ دانەوەی تورەیی بۆی هەیە شێتیکا، بۆیە داوام وایە تۆ لە حەمە باشتر بی‌و بیرکردنەوەت وەکو ئەو نەبێ ، خۆ ئەگەر ورێنەیەکیشی کرد لە ڕاستیدا سەبرت بێ).

یوسفیش ئاهێ هەڵدەکێشێ‌و پێش ماڵئاوایی دوا قسەی خۆی دەکا: (کاك عەزیز باوەڕ بکە سەرەڕای ئەو رەفتارو کارو کردەوانەی دەینوێنێ، لەگوڵ کاڵترم پێ نەوتوە.. قەتیش لەو باوەڕە مەبە هیچ شتێ لە منەوە دەست پێبکا .. بەهەر حاڵ ئەوەندەی لەتوانام دابێ لە ئاستیا دان بەخۆدا دەگرم .. دەی جارێ خوا حافیز).

+خوات لەگەڵ .

یوسف لەبەر خاتری من قوربانی بە زۆر شت دا بوو، هەر بچوبایە دادگاو شکاتی بکردایە، بێ چەندو چوون پێنج شەش مانگ دەگیرا، چونکە حەمە خۆی ئەو گەنجانەی گاڵداوە چ بە پارە یا بەقسەی خۆش بێن بەگژیاو لێیدەن.

* * *

حەمە دەتوت قیری ڕەشەو پێمەوە نوساوە. . من بە هۆی نەخۆشیەکەی جگە لە دڵڕاگرتنی ئەو، دوورو نزیك سێوکم نەناوەتە باخەڵی تا ئاوا بەو پەڕی متمانەوە لە جاران خراپتر پێم بڵێ : (تۆ تەنها

مولّكی منیو بەس .. قبولّ ناكەم كەس فریوت دا) . مرۆڤ بەدەست خۆی نیە بەو قسانە پێكەنینی دێ. . برۆنێ چ مێشكێكی سیسو كەللە پووچو گەنیوی هەیەو بە خەیاڵی خۆی وا تێ دەگا من بۆ ئەو حەجمانم لەبەر براوە .. خۆشم دەوێ، ئاگرم تێبەر بوەوبە هەموو شتێكی ڕازیم.

تیرو توانجی خەڵكی بە مردنێ هەیەو لەوە ناخۆشتر نیە بەو چاوەوە سەیرت كەن، زۆر لەوانەی دەمناسین تێڕوانیان سەیرو عەنتیكەبوو، گوایە مشتو مڕو ناكۆكی نێوان دوو پاڵەوان ( حەمەو یوسف) ئاشق بە فریشتەیەكنو لەو گۆڕەپانە كێ بڕكێیانە، كامیان توانی ئەویتر ببەزێنێ ئەوە من دەبمە بەشی ئەو كەسەو بەنسیبی دەبم.. ئای كەوتوومەتە چ ڕۆژگارێكی ڕەشو شوومو تاڵەوە؟! ئەگەر دەست لە خوێندن هەڵدەگرمو دەچمەوە ماڵ دادەنیشم ڕەنگە بۆم نەلوێ و هەزارو یەك ناوو ناتۆرەم بۆ هەڵببەستن ئەوسا ناچارم دەبێ پاساوی ئەو وازهێنانە بەبەڵگە بێنمەوە .. خۆئەگەر دەوام دەكەم دەبێ بە پلاری حەمەو هاو وێنەی حەمە قایلبم .. چارم ناچارە مەگەر بە ئاسمانی پاكو بێگەرد بفڕمو ڕۆحی بلوورینم بكەمە خەڵاتی ئەستێرەكان.. ئەوەندەی ڕوودەكەمە هەر لایەو چاو دەدەمە هەر شوێنو جێگایەك، تیلە نیگای مەردمەكانی دەورو بەرم بۆنو بەرامەی ئیرەییان لێدێ.

ئەو ڕۆژە یوسف لە دیدارێكی سەرپێیی نێو كافتریا، بە بزەیەكی واتادارەوە رووی تێكردم: ( فریشتە تاوەكو لە چاوی شەڕو شۆری حەمە دەرنەكەوین، بە كورتیەكەی من چیدی بەرگەی ئەم ڕەوشە ناگرم كەلكەلەی ئەوەم لە مێشكایە منو باوكو مامم بچینە سلێمانیو بۆ داخوازی دەستی تۆ سەردانی ماڵی بابت بكەین.. بەڵام بۆ ئەوەی حەمە هەست نەكا، تۆ لێرە بمێنەوەو خۆت تێك مەدە) .

لە كەیف سازیا كەفم لە لێو هەڵچنیو سەری ڕزامەندیم بۆی لە قاند: (بیرۆكەیەكی چاكەو قەت لەوە باشتر نابێ .. بڕۆ سلێمانی، ئیشەڵڵا بە هەواڵێكی خۆشو مژدە بەخش دێیەوە) .

* * *



## بەشی یازدەم

یوسفو باوكو مامی بۆ رۆژی دوایی بەیەكەوە دەچنە سلێمانی .. باوكم بێ ئەندازە ڕێزیان لێدەنێ ..باوكی یوسف بەهێنانەوەی شێرێك لێرەو ڕێویەك لەوێ ، سەرە داوی هاتنەكەیان لەگەڵ دەكاتەوە: ( باوكی فریشتە .. لەوەتەی دونیا دونیایە ، سونەتی ژیان وابووە كچ دەبێ شوو بكاو كوڕیش دەبێ ژن بێنێ. . . جا بە ڕاشكاوانە بدوێم ، ئەوەی ڕاستیبێ هاتنی ئێمە بۆ لاتان، دورست كردنی خێزانێكی ترو پەیدا كردنی تێكەڵاویەكی دیكەیە .. پێمان خۆشە گەورەمانكەن بەوەرگرتنو قبوڵكردنی ئەو خزمایەتیە .. یوسفی كوڕم خوا دەست بە باڵیەوە بگرێ ،

منو ماڵەوە هەمووان لێی ڕازین ، شتیش هەر بە قسەی ئێمە نابێ ، ئێوە سەرپشکن. . دەتوانن لەمو لەو بپرسن.. بیدوێننو بزانن سیفەتو خەسڵەتی چۆنەو چ کوڕێکە، بەراستی شایستەی ئەوەیە ڕێزی لێ بگیرێ یان نا ؟!).

باوکم بە دیقەتەوە دەڕوانێتە یوسفو بە وریایی گوێ بۆ هەر قسەیەکی دەگرێ .. کورد واتەنێ لەیەکەم دیدەنی هەڵیدەسەنگێنێو بە بزەیەکی سازگارەوە پێیان دەڵێ: ( ئەوەی لەم هاتنەتانم هەڵێنجاوە، کوڕەکەتان بەڕێز دیارە .. هەر لێرە تا هەولێر بە خێر بێن سەر سەرو سەر چاوان .. من لەو ئانو ساتە ڕێگر نیم کچی خۆم بدەمە کوڕتان بەڵام لە ڕێسادا دەبێ ڕای کچە بە هەند وەر گیرێ.. کەی هاتەوە پرسی پێ دەکەین ئەگەر ڕازی بوو ناوی خوای لێ دێنین و لە یەکیان مارە دەکەین .. ئەوە قسەیە ئەگەر کچی ئێمە بە کوڕی ئێوە ڕازی نەبوو ئەو کاتە نابێ گلەیی بکەن، دیارە قسمەتەو وای دەوێ ).

مامە خرپنەکەی یوسف بەڕەیەك داوێتە مزگەوتێ : (شتەکان هەر ئەوەندەیەو .. ئێوە کچ کچی خۆتانە نەبە بەرگونانو ئاوی ئێمە بووە تا لێی هەڵپێچینو زۆری لێبکەین، بۆیە بمانیدەنێو نەمانیدەنێ ئێمە مەمنونین . . دیارە یوسفی برازام بەنیازی پاكو دڵی بێگەردەوە حەز بەو تێکەڵاویە دەکاو بای ئەوەندە کچی ئێوەی هەڵسەنگاندوە لە ڕووی ڕەوشتو ئاکاروهەڵسانو دانیشتنیەوە کە کەسێکە شایستەی ئەوەیە پیاو قبوڵی بکا هەر لەو ڕوانگەوەیە حەز دەکەین ئاواتەکەی بێتە دی) .

باوکم بە هەڵپەیەکەوە تووڕ هەڵدەدا: ( گەرخوا قەڵەمی لێدابێ ڕەت کردنەوەی نیە .. خوا گەورەیە .. بەس توخوا ئەگەر بچنەوە وا نیوەڕۆیەو گەورەمان کەن).

ئەوانیش پاساو بۆ چوونەوەیان دێننەوەو دوعا خوازی دەکەنو هەڵدەستنو دەگەڕێنەوە هەولێر

* * *

یوسف دانی ئێواره خۆی گەیانده لامو کاتێ سەرکەوته سەرەوه، من خەریکی دورست کردنی برنجو شله بووم.. خۆشحاڵیەکی زۆر له ڕوخساری دەبینرا، به سەرسوڕمانەوه پرسیم: (ئەوه چیبووه ؟! دەڵێی کەشتیەکەت نقومی دەریا بووه ؟! ئەو هاتنه کتو پڕەت شتێکی تێدایه .. شتێکت لەبن سەره بڵێ.. دەی .. بڵێ .. ئەگەر هەواڵێکی خۆشت پێیه، زوو بیگێڕەوه. . خۆ ئەگەر هەواڵەکه ناخۆشه تکایه بەری دڵم مەگره بۆ خۆم ناڕەحەتمو بەری دڵم گیراوه) .

یوسف دەستمی خسته ناو دەستیو به بزەیەکەوه : ( ئەرێ تۆ دەزانی من خەزورێکی زۆر باشم هەیه؟!لەهەموو دونیا بگەڕێی خەزووری واباشم دەستناکەوێ) .

بەسەرسوڕمانەوه: ( ئەوه دەڵێی چی ؟! کێ دەڵێ من ڕازی دەبم؟!) .

بەڕێزەوه: ( بۆچما ڕازی نەبی، من خۆم ناکوژم ؟!).

بەدەم به خەندەو پێکەنینەوه: ( خوانەکا .. من بمرم بەس تۆ هیچت لێ نەیه).

یوسف دەم گەرمانه: ( تەواو .. تەواو .. دایكو باوکت ڕازینەو دوا شت تاقی کردنەوەی دەمی تۆیان دەوێ بزانن تۆچی دەڵێی ؟! وتیان بەئا یان نا خۆمان تەلەفۆن دەکەین و وەڵامتان دەدەینەوه.. ئێستا هەموو شتەکه لەسەر تاقه قسەیەکی تۆ وەستاوه .. پێم باشه بەیانی که دوا ڕۆژی تاقی کردنەوەی ئەمساڵمانه، دوای چوونەوەت کەڕای تۆ وەردەگرن، دەبێ وا له خەسومکەی ببوره وا له دایکت کەی هەر ئەو وەخته تەلەفۆن بکا. . من به دیار تەلەفۆنەوه دەوەستمو به یەك لادا ناڕۆم.. هەر نوکه زەنگێ لێبدرێ ئەوه من هەڵمگرتوه وابێ ڕۆژی هەینی بێینه پێشو مارەت کەم، ئەجا بۆ مەسەلەی گواستنەوه ئەوه کێشەیەك نیه تۆ چی دەڵێیو چۆنت پێ باشه، قسەت له قسه ناکەم) .

بەدڵخۆشیەکی بێ ئەندازه: ( دەی پیرۆزه .. لەئێستاوه پیرۆزبایی له

خۆمان دەکەین).

یوسف کەپشتی ملی خوراند:: ( ئەوجا من دەڕۆم .. هیچ خزمەتێ ئێشێ کارێکت نیە ؟!) .

+ بێ وەی بی. . زۆر سوپاس، لە هیچم کەم نیە .

– دەباشە.. بەدوعا ..

+ خوا دەست بەباڵتەوە بگرێ.

* * *

ئەو شەوە تا درەنگە وەختانێ لەسەر جێیەکەم گێنگڵم دا .. بەدەم هەزارو یەك خەیاڵی ڕەنگاو ڕەنگو ئەرخەوانی ، بیرم لە ئایندەی خۆمو یوسف دەکردەوە .. کە وێنەی حەمە مەیمونیشم دەهاتە پێش چاو، خۆشیەکەم دەڕەویەوە: (دەبزانە ئەو کەر بابە بەجۆرێ ئابلوقەی داوم، تەنانەت واز لە جیهانی ئەندێشەم ناهێنێو بەزۆر خۆی پیادەکا..دەی زۆر ناخایەنێ ئیدی بە مارە بڕینی من، ئەو بابەی دەمرێو ئەو خەونەی دەچێتە ژێر گڵ، ئەوسا ملی دەشکاو ئەستۆی ورد دەبوو. . قیڕوسیا.. تاقەتت لەبەر بڕیم خوا تاقەتت لەبەر ببڕێ .. تەواو .. چیتر نازت هەڵناگرم، لەمەودوا کێ نازت هەڵدەگرێ ئەوە کێشەی من نیە. . ئاگرە سوورە لەمن دوورە)

لەو خەیاڵانە دابووم مەیلم بەلای‌خەودا کەوت و باوێشکێکی قووڵی یەك لەسەر یەکمداو خەوم لێ کەوت.

* * *



## بەشی دوانزەم

ئەم بەیانیە دوا ئەزمونی ئەو ساڵەی خوێندنمە .. بە ئامادەباشیەکی زۆرو ورەیەکی بەرزەوە دامنابوو بەئاسانی لەو بابەتەش دەرچم .. پێش ئەوەی بچمە کۆلێژ. چوومە ماڵی باجی ئەفتاوی خاوەن خانوەکەو ڕوخسەتم لێ خواست کە دەمەوێ بۆ هەواڵپرسینی ماڵەوە تەلەفۆنێ بکەم.. تەلەفۆنەکەیان لەسەر مێزێکی بچوکی نێو هۆڵەکە دانابوو. . بەئەسپایی لەسەر یەك لە کورسیەکان دانیشتمو بەهێمنی دەستم گەیاندە نمرەکان، هێندەی نەبرد دایکم وەڵامیداوە.. دەمە تەقێیەکی بەلەزەتمان ئەنجامدا.

– ئەلو

+ فەرموو ، جەنابتان ؟!

-دایە ئەوە منم .. چیە ؟! دەڵێی نامناسیەوە؟ فریشتەم .. فریشتە.

+ئۆۆۆی کچە کارمامزەکەم، توخوا چۆنی ؟! ئەحواڵت چۆنە ؟ لەگەڵ خوێندنەکەت لە چیای ؟!.

– شوکر ئەوەی عەیبە، نیمە.. توخوا ماڵەوە ، باوکمو مناڵەکان ساغن؟! خۆ نەخۆش نین؟!

+ ناوەڵڵا هەموان وەك تۆپنو ئەوەی عەیبە نیانە.

لێرەدا حەزم کرد دایکم باسی هاتنەکەی یوسفم بۆ بکات، دایکم دەتوت لە ناودڵمایە، بێ پەروا زمانی پرساری گەڕاند:

+کچم فریشتە دەزانی لەم یەك دوو ڕۆژە داخوازیەکت لە هەولێرەوە هاتوە، داوات دەکەن؟!

خۆم لەگێلیدا: ( ئەیەڕۆ دایەگیان ئەوە باسی چی دەکەی ؟! کێ هاتۆتە داخوازیم ؟!)

دایکم دایە قاقای پێکەنین : ( هەی ئۆینباز یەعنی هیچی لێ نازانی؟!).

-باوەڕ بکە نازانم .. ن .. نا .. نازانم بڵێم چی ؟!

+ چ نازانی بڵێی چی ؟ ! یوسفی هاوڕێت کە لە کولیە پێکەوەن ئەوێ ڕۆژێ لەگەڵ باوکو مامی هاتنەماڵمان بۆ داوای دەستی تۆ .. ڕاستیت لێ نەشارمەوە منو باوکت بە دیقەتەوە سەرنجمان دایە هەڵسو کەوتو گوێمان بۆ هەر قسەیەکی ڕاگرت. . یوسف لە مرۆڤێکی بە شەخسیەت دەکا، بەکوردیەکەی پێمان وتن گەر کچی ئێمە بە کورتان ڕازی بێ ئێمە مانع نینو ئێستا لەسەر دوا وەڵامی تۆ وەستاوین بێیتەوە ڕات وەر بگرینو لەم ڕووەوە وەڵامیان دەینەوە.

بەدەنگێکی کزو ماتەوە بەگوێم چرپاند : ( دایە باوکم لە ماڵە.؟!)

+ ناکچم لەبەیانی زوەوە دەرچووە. . سامانی ئامۆزای بەهۆی دەردە پیسەکەوە بەرەبەری ئەم بەیانیە دەمرێ .. باوکت لەگەڵ خزمان چوەتە سەر قەبرانو منیش بەتەمام دوای نەختێکی دی بچمە سەرخۆشی.

بەکۆچی سامان، پەستو نیگەرانی هوروژمی بۆ هێنام، بەڵام خۆم لە گوورە نەبرد: ( دەی ئیشەڵا خوا عەفوی کردوە .. ئەو هەژارە دووساڵی رەبەقە لەسەر جێ کەتبوو، رەزیلو سەفیر ، خودی ژنەکەیو ماڵومناڵەکانی لێی بێزار بووبوون .. خودا چ موقەدەر نەدا ئەمرۆ دوای دەوام دێمەوە.. دایە گیان ئەرێ تۆ دەزانی یوسف. . یوسف کورێکی رێکو پێکو بەرێزە ؟! ئێوە راتان چیە ؟!).

+ دیسان بەزمەکەیە ؟! ئێستا تۆ رازی شوی پێبکەو تەواو.

—ئاخر ئەگەر ئێوە رازی بن، ناچارم منیش رازی بم .. خۆ قسە لەقسە ئێوە ناکەمو قسەتان ناشکێنم.

+ برۆنێ برۆنێ بەچ زمانێکەوە دەدوێ ؟! هەر دەڵێی ئاگای لە حەشتەبای خوای نیە .. ئێمە دواین قسەی تۆمان گەرەکە بزانین رازی یان نا؟ ! من لە خۆرا سەرم لەبەر هەتاو سپی نەکردوە، دەزانم دەمێکە پەیوەندیتان هەیەو هێلکەیەکتان لەبن کا ناوەو هەموو شتێکتان براندۆتەوە.. بەهەر حاڵ لەبەر ئەو تازیە جارێ هیچ ناکرێ تۆ بەناوی منەوە بە یوسف بڵێ بە ماڵەوەیان راگەیەنێ کە هەمومان رازین بەڵام تازیەکمان هاتۆتەبەر، جا دوو هەفتە یاسێ هەفتە یا درەنگتر هەر کاتێ هاتن بەخێر بێن.

قسەکانی دایکم لە هەنگوینی دەکرد .. لە تەلەفۆنەکەوە ماچێکی قوولێ دوورو درێژی بەقەد هەولێرم بۆی نارد : (دایە توخوا بۆچی پێم ناڵێی بۆ ئەوەندە شیرینی؟! دەبێ کەس لەم دونیایە هەبێ لەتۆ خۆشەویست تربێ).

دایکم بەتونج ئامێزەوە: (دەی کەچەڵ پانکەوە).

– نا بەگیانی تۆ مەبەستم هیچ نیە .

+ خوا ڕاوەستاوت کا کچی خۆم، منیش سوعبەتەکەم ئەی ئیشو کاری ئێمە چیە دوای بەخێو کردنو پێگەیاندنتان حەز دەکەین بەسەربەرزی بچنە ڕێی خۆتان، ڕێیەك تێیدا سەرچاوە بگریو بحەسێیەوە .. زۆر خۆشە مرۆڤ ئەو کەسەی هەڵیدەبژێرێ لێی تێبگا .. دیارە ئاواتی ئێمە دوای تەمەنێك ئەوەیە ئێوە بەبەختەوەری بژێنو ژیانێکی خۆشو بەختیار ببەنە سەر.

– دەستەکانت ماچ دەکەم دایە گیان .. خوا بۆ ئێمەت بیەڵێ، دڵتان لای من نەبێ مەگەر مەرگ ئەگینا ئەمرۆ ئێوارە لە سلێمانی لە لای ئێوە نانەکە دەخۆم..ئیشێ کارێکتان نیە؟!

+ نەوەڵا تەنیا خۆشیەکی تۆ .

– دەستەکانت ماچ دەکەم دایە گیان: .. دەی با زیاتر کاتتان لێ نەگرم .. خوا حافیز

+ خوا حافیزت بێ .

تەلەفۆنەکەم بە هێواشی دانا .. ئاهێکی پڕ بە سیەکانم هەڵکێشا. . کە دوعا خوازیم لە باجی ئەفتاو کرد .. بەدڵێکی خۆشەوە بەرەو زانکۆ بەڕێ کەوتم تا هەرچی زووە بگەمە لای یوسفو ئەو هەواڵە خۆشەی پێ بگەیەنم.

* * *



## بەشی سێزدەم

پێمنایە زانکۆ .. بە ئیشتیاوە کەوتمە چاو گێڕان : ( دەبێ یوسف لە کوێ بێ ؟!) .

لە پشتەوە دەنگێك ڕووی پێ سووڕاندم ؟! تەماشام کرد ئەوە یوسفە .. دوای بەیانی باشو هەواڵپرسین، بەخۆشحاڵیەوە مژدەی ڕازیبونی خۆموماڵەوەم پێ ڕاگەیاند: (پێش ئەوەی بێمە ئێرە، بە تەلەفۆن لەگەڵ دایکم قسەم کرد .. هەموو بە وردو درشتەوە ڕازین .. وەلێ لە بێ بەختیمان ئەم بەیانیە ئامۆزایەکی باوکم وەفات دەکا .. دایکم وابەباش

دەزانێ لەبەر تازیەکە جارێ ئەم کارە دوا بخرێ ئەوجا دوای دوو هەفتەسێ هەفتە. . یازیاتر ، لەو ماوانە کەنگێن هاتن ئیشەکە بەیەکجاری دەبڕێنینەوە) .

دیمەنی جوانیو عەتری خۆشەویستیمان ئەو ناوەی پڕ کردبوو.. بەچەشنی دوو گوڵی نازداری گەشو ڕازاوە سەرنجی هەموو ئەوانەمان ڕاکێشا بوو کە دەهاتنو بەتەنیشتمان تێ دەپەڕین..حەمەی چەمبەری بە بینینمان چاوی دەچێتە پشتی سەری .. شێتو هار وایەری مێشکی شۆرت دەکا.. بەهەناسە بڕکێوە خۆی گەیاندە لامانو بەتیرو توانجەوە سەری پڕ کاسی بادا : ( بەیانیتان باش دوو ئاشقە درۆزنەکە ).

نقورچێکم لە یوسف دا کڕو بێدەنگ بێو وەڵامی نەداتەوە.. کەچی دانی بە خۆدا نەگرت ، بزەیەکی دەستکردی بۆ نایە سەرلێوو وتی : (بەیانیت باش کاکە حەمە. . ئەحواڵت چۆنە ؟!) .

لەشم وەکو بی ناو ئاو دەلەرزی .. ڕەنگی دەمو چاوم بۆ چەند ڕەنگێ پەڕیو لەناوەوە شتێك دڵی دەگوشیم، هەستم کرد ترپەکانی دڵم بەخێرایی لێدەدەن.. لە حەژمەتان تەماشایەکی یوسفم کردو بە شڵەژاویەوە: ( یوسف من دەمەوێ بڕۆم .. پاشان یەکدی دەبینینەوە ) .

حەمە نێو چەوانی تێك نا. . دەستی چەپەی بە ڕیشە تەنکە بۆزەکەی داهێنا.. بەڕقو تورەییەوە کە لەگەڵ قسە کردندا کونە لووتی فش دەبۆوە، وتی: (خانم ئەوە چ خێرتە ؟!تۆ نابێ بڕۆی .. بەڕاستی پیاو سەرسام دەبێ .. سەیرە .. کچێ من چیم وت؟! نەم وت چیدی قسە لەگەڵ ئەو کوڕە نەکەی ؟! بەڵێنمان چی بوو ؟! تۆ بەڕاستی مرۆڤێکی درۆزنو دووڕوو و فێڵبازی دەتەوێ بە هەموو ئەقڵێکەوە لەسەر دوو پەت یاریکەی ؟! گەر بتەوێ بە یوسف ڕابوێری ئەمێکی تێدایەو ڕابواردن لەگەڵ من وا بەئاسانی بەسەرت ناڕوا).

یوسف پشتی ملی گرت، بەرەو ڕووی خۆی بەکێشی کردو پێی هەڵشاخا: ( حەمە.. کەی لەو زمانە نەگریسو شڕو شیتاڵەت دەکەوی؟! بۆچی وازمان لێنایەنی؟! بۆ بەرۆکمان بەرنادەی ؟! بەینی منو فریشتە کۆتایی هات ها بزانە لەو ماوانە مارەی دەکەمو ئیدی بەس نیە؟!).

حەمە جڕتێکی کێشاو بەدەنگێکی بەرزەوە نەڕاندی : ( ئێ ئێ .. دەبوو زوو بمزانیایە بەو سرتو خورتەی لەبن سەرتانە ، شتێك هەیە.. ویسفە فەندی لێم مەگرە گەر بڵێم : تۆ گێلی یا خۆت لە گێلی دەدەی .. هەی بە یەغباری ماڵوێران بۆ ئەمەنە خۆشباوەڕی ؟! فریشتە لە هەزار و یەك ئاوی داوەو قولە پێی تەڕ نەبوە ..هەر بەلێنێکی پێ دابی درۆ دەکاو دەیەوێ پێت ڕابوێرێ و گەمە بە ئەقڵت بکا.. پێشتر منی وەکو ئێستای تۆ کەر کردبوو.. چونکە بەوشەی خۆشتم دەوێ .. نازانم بۆت سوتاومو چیو چی، هەموو ئەمانە دەمێکە بە منی وتووە کە جگە لە کلاو لەسەرنان هیچی دیکە نیە.. تۆ لە گوێی گادا خەوتویو ئاگات لە هیچ نیە تا لەگەڵ من دادەنیشتو ئەو قسە پڕو پوچو هەلەقو بەلەقانەی بۆ دەسکەنە دەکردم، تۆ لە کونیش دیار نەبووی ..حەز دەکەم بزانی  وشەی خۆشتم دەوێ .. بەقوربان .. بەساقە دەمێکە ئەو مۆدیلە لای من بەسەر چووە.. فریشتە بەزمانە خەنجەر لەکاو لووسەکەی دەستت لێ دەوەشێنێ و دەتباتە سەر زێی سیروانو ئاویت ناداتێ، کەی کوڕێکی تری کەوتە بەر دڵ، بەئاسپابی پشتت تێ دەکاو ئەو کەسە بە ئاشقی خۆی دەگرێ) .

وەکو شامی گەیو پتت لێدابام، دەتەقیم.. زمانم لە دەما بوو بە تەڵەی تەقیو. . لێوەکانم دەجولاند، دەنگم دەرنەدەچوو .. نەمدەزانی چیبکەم؟! بڵێم چی ؟! پرتەو بۆڵەی حەمە ئەو ناوەی پڕ کردبوو: (فریشتە گوێم لێ بگرە .. کاتی خۆی قسەیەکم کرد .. من کوڕی مەردو بابی خۆم نەبم ئەگەر نەیهێنمە سەر .. تێم دەگەی دەڵێم چی؟!)

لەشم کەوتە لەرزین .. موچڕەیەکم بەلەش داگەڕاو لەکەڵە موستی پێمەوە دەرچوو، بەدەم قوڵپی گریانەوە پێم وت: ( حەمە بەسە بیبڕەوە .. پێم ناڵێی چیت لێم دەوێ، ئەوە ئەگەر ڕۆژێ لەرۆژان بموتایە خۆشتم دەوێ یا جێ ژووانم لەگەڵت ببەستایە دەمێ بوو حەیاو ئابڕوت بردبووم، دونیات لێ پڕدەکردم.. من لە کورتیەکەی دەیبڕێنمەوە کە تۆ شێتی‌و ئەوەی بێتە سەر زارت وەکو فیشەکە شێتە نایگەڕێنیەوە).

حەمە سمێڵی سڕیەوە .. بە وشەی (شێت) شڵەژا .. ئەسپێ کەوتە کەوڵ، دەتوت لە سەربانێکی بەرزی بەردەدەنەوە.. بەرچاوی تاریک داهات، توند پەلاماری دەستمی داو بەدەم هەڕەشەوە : ( ئەوە بە من دەڵێی شێت ؟! هەی شێتی مل حیزی قەحپە).

یوسف بەو جنێوانە دەتوت زامە کۆنەکەی هێشتا قەتماغی نەبەستووە، تاگرتی بۆکسێکی خەواندێ.. حەمە بە دەما کەوت .. قوتابیەکانی ئەو دەورو بەرە، لێیان خڕبونەوە.. هەندێکیان بەتاسەوە تەماشایان دەکردو ئەوەی هاتبووە بەینەوە : ( ئەوە چیە بۆ وا دەکەن ؟! یەکێ زەلامیشی لێکوژرابێ وەکو ئێوە ناکا .. عەیبە .. شوورەییە ، وامەکەن). یەکێ پرسی : ( فریشتە خان ئەوە یوسف‌و حەمە لەسەرچی شەڕ دەکەن؟!) .

هەتاو لەسەر سەریاندا سێبەری خستبووە ژێر پێیان .. سێبەری هەر کامێکیان ئەڵقەیەکی خڕو بچوك بوو .. بە مرچو مۆنیەوە هاوارم لێهەڵسا: ( ئەی هاوارم هەیش. . قوڕی کێ بکەم بەسەری خۆما؟!).

شلو شێواو بەوێنەی بتێکی بێگیان دەستم هیچی ناگرت هەرنا دەستی یوسف بگرمو لەو ناوەی دوورخەمەوە.. وشە لە گەروما خنکا بوو .. پێڵوەکانم دەتروکاندو لە دیمەنی بەگژ یەکدا چوونی ئەو دووانە ڕامابووم وا دەستیان ناوەتە بینەقاقای یەکدی‌و جنێوی پیس بەیەك دەدەن ..

حەمە تیلە نیگایەکی ئاڕاستە کردمو بە شانازیەوە دەیشیڕاند : ( دەی فریشتە سەیرمانکە .. سەیرمانکە ، هەموو ئەوە لەسەر تۆیە .. بزانە کامەمان تۆی خۆش دەوێ ؟! ).

فـزرەم لێبڕابوو . هیچم بۆ نەما، ئەوە نەبێ بەدەم فرمێسك ڕشتنەوە ڕووم وەرگێڕمو بەپەلە ئەو شوێنە جێ بێڵم .. هەنگاوی خێرام هاویشت .. هێندە بەتوندی دەڕۆیشتم وەکو ئەوەی سەد کەس بەدوام کەوتبن بمگرن و بمکوژن .. دەرگای دەرەوەم بە چەن چرکەیەك بڕی.. بێ ئاگا لە حاڵی دەوروبەر . جیڕەی ئیستۆپی تەکسیەك سەری پێ هەڵبڕیمو بەوە ڕانەگەیشتم ئاوڕی لێدەمەوە.. لە خێرایی تەکسیەکەدا دوو مەتری بۆ سەر شۆستەکە فڕێدام .. ڕووخسارم نقومی خوێنکی سووری ئاڵ بوو بوو . گیانە بێزارەکەم وردە وردە خاو بۆوە .. چاوەکانم لێك نا ، بە کڵۆجێ ئیدی بۆ دوا جار ماڵئاوایی لە یوسف دەکەمو ڕۆحی بەفرینم بەرەو ئاسمانی پانو پۆڕو بەرین دەفڕێ .

* * *



## بەشی چواردەم

لەتاو ئێش‌و ژانی ئازای بەدەنم، بەئاگا هاتم .. دەمم بەش بۆوە .. نیگای پڕ سویێو وەڕەس‌و بێزاریم بەم لاو بەولا گێڕا .. دیمەنەکان شتێکی تازەو دیکۆرەکانی ئەو شوێنە دەق لە تەختی شانۆی هۆڵە گەورەکانی دەکرد .. بەهێواشی سەری پەنجەی دەستە چەپم بەسەر ئەو دۆشەکە شل‌و نەرم‌و لووسە داهێنا کەمنی لەسەر درێژ کرابووم: ( خۆیەتی ئەوە منم .. خەونیش نیە وا لەسەر قەڵەوێرەیەکی ناو بەشی شکانی نەخۆشخانە کەوتووم . قەسابەکان وەکو چۆن بێ ڕەحمانە قاچی مەڕو بەرخی سەربڕاو هەڵدەواسن ئاوا قاچی ڕاستەمیان بۆ ئاسمان بڵند کردبۆوە، بەپەتێکی قایمیش بەرەو خوار بەدوو بەسێ گاشە بەرد

بەستبوو.. چاوم زەق بۆوە. . کەسەکان نامۆنو خودی ئەو کچە شۆخو شەنگەی دیارسەریشم کە مەکسیەکی شینی ئاسمانیو فۆتەیەکی پەمبەی لەسەری پێچابوو ئەویش هەر نامۆ بوو.. تێفکریم، نەمدەزانی کێیە؟! فلاشباگێکی رۆژانی رابردووی خۆم کردو لەدەرگای هەزارو یەك ئەندێشەی جیا جیام دا. . ئاخۆ ئەو کچەم لە کوێ دیوەو نەدیوە.. ئەفسووس سەرم لێبادا: ( ببوورە نانتاسم .. ئێرە کوێیە ؟! من بۆ لێرەمو کێ منی گەیاندۆتە ئێرە ؟!).

کچە بالاّ بەرزو سیما سپیلکەکە بەئاستەم دەمی بزافتو بەزەردەیەکەوە : (ئێرە نەخۆشخانەی کۆماری هەولێرە .. فریشتە خان شوکر تۆ سەلامەتیو بەهۆی کەم ئازارێکەوە تۆیان هێناوەتە ئێرە..ها بزانە چاك بویتەوە .. من شیلانی خوشکی یوسفم ئەو یوسفەی لە کولیە بەیەکەوەن).

بەتامەزرۆییەکی زۆرەوە لە هەواڵی یوسفم پرسی: ( ئەی یوسف بۆ نەهاتە لام ؟! بەڕاستی بێوەفایە .. دەبوو زوو بمزانیایەو باوەڕم بەقسەکانی حەمە بکردایە.. دە پێم بڵێ ئەو برایەی تۆ چ پاساوو بیانویەکی هەیە تا خۆیم لێ بشارێتەوەو نەمبینێ؟!) .

شیلان پەشۆکا .. دەمی تێکئالاّو بەپچڕپچڕیەکەوە ( چ ..چ..چی چی.. یو. یوسف ئەوەی ڕاستیبێ نەختێ ئیشی زەروری هاتە پێش .. ها بزانە بێگومان ڕاستەو خۆ دێتەوە لای تۆو بەدەقە جێت نایەڵێ ) .

قسەکەیم بەهەند هەڵنەگرت خورتی کەمەوە .. لە فکران ڕاچووم . . ئەو ڕۆژە لە ڕۆژێکی پایزی تەنگ دەچوو .. گڤە گڤی باو خۆڵبارانێکی قێزەون یەکپارچە دونیای داگرتبوو .. هەوری ڕەشی چڵکنیش بەری ئاسمانی تەنیوە .. پەستو نیگەران، وام دەزانی ئەو ڕۆژە ڕۆژی مردنە ، مردنی مرۆڤێکی نزیك لە دڵو گیانو خوێنو هەناسەو جەستە ئەویش یوسفە.. دەمم داچەقاندو پێڵوەکانم نایە سەر یەك .. خەو بەلای خۆیدا بەکێشی کردم ، چوومە خەوێکی قووڵەوە

* * *

.. نەخۆش نەخەوی خەوە، نە خۆراکو ئیسراحەت .. نازانم چەنێ

نووستم؟! خەبەرم بۆوە .. تارماییەکی زۆرم بەدی کرد.. نازانم بڵێم تارمایی یا مۆتەکە ؟! وێنەکان وردە وردە لە تەڵخیەوە ڕوون دەبوونەوە.. سەیرە ، تۆ بڵێی دایكو باوكو براو خوشکەکانم بەتەیارە فڕیبن وا دەمو دەست لەگەڵ ئەو کارەساتە گەیشتنە ئێرە؟! دایکم چاوی دەتگوت گۆمی خوێنە ، پێ دەچوو دەمێ دوان نووزابێتەوە.. گەلێ گریابێ .. ئاهێکی خۆ نەکردەی هەڵکێشا، کە دڵۆپە فرمێسکەکانی بەر بینی سڕیەوە: ( هۆ چاو کارمامزەکەم.. دایکت بمرێ ئەوە بۆ وات لێهات؟!).

باوکم تاسابوو .. لە ڕوخساری دا نەیدەویست خۆی وا دەربخات بەم کارەساتە خەمبارە .. دڵنیامە لەکانگای دڵیەوە زۆر تێکچوەو بەکوڵ بۆم دەگریێ .. نەیتوانی بەتاقە وشەیەك هاو خەمی خۆیم بۆ دەرببڕێ، تەنهاو تەنها جار نا جارێ چاوە خەواڵوەکانی تێك دەناو سەری کەساسی بادەدا.

ئارامی برامو هێرۆو بێری خوشکم پەژارەی خۆیان بۆ کارەساتەکە نیشان دا: ( بەویستی خوا سەلامەتی .. قەت هەموو شتێکمان لێت چاوەڕوان بکردایە، چاوەڕوانی ڕووداوێکی لەم چەشنەی ئۆتۆمبێلمان نەدەکرد.. تۆ بەناوە گورجو گۆڵو بزێو، لە چاوگێڕانو زوو ڕۆیشتنو خێرا پەڕینەوە گومانێکت هەڵنەدەگرت غافڵگیر بیو ئەوجا سەیارە لێتیدا؟! ).

پیاوێکی بەتەمەنی ئەختیارە، دەمو چاو چرچو لۆچی لاوازی مشکی لەسەر هاتە تەك باوکمو بە زەردەخەنەیەکی گەشەوە ڕووی تێکردم: (کچم فریشتە .. چۆنی بابەکەم؟!) جگەرەیەکی بەدەستەوە بوو.

زوو زوو بە پەنجەی شایەتمان ، سۆتەکەی کەلێنی پەنجەی دادەتەکاندە ناو سەبەتەکەی تەنیشتیو وەك نەیارێ لەناو سیەکانی بێ و بیەوێ دەست لە خنخنۆکەی بنێو بیخنکێنێ، مژی قووڵی لێدەداو دووکەڵەکەی هەڵدەمژی.

سەرم بۆی لەقاند: (ئیشەڵڵا باش دەبم) .

تاوێ دوان لە سەرو سەکوتی ڕامامو لەناخەوە خۆم دەدواند : ( ئەوە کێیە؟! کێ نیە؟! ئەرێ ئەوە خۆباوکی یوسفە .. سەیر نیە باوكو خوشکی دێنە سەردانیم کەچی یوسف خۆی دەشارێتەوە بەناوە بەتەمایە

بمهێنێ .. ترِحێو .. وەڵا ئەوهابێ لە ئێستاوە کەشکمان فەریکەو دەبێ دەستی لێ بشۆم ).

دکتۆرە ژنەکە هاتە دیار سەرم. . فایلی سەر مێزەکەی هەڵگرتو کردیەوە .. بەدیقەتەوە چاوێکی پێدا خشاندو بەقەڵەمەکەی باخەڵی وردە نوسینێکی جاڵجاڵۆکەی تیا تۆمار کردو فایلەکەی داناوە .. کە تیشەکەکەی دایە بەر ڕۆناکی و ئەویشی سەیر کرد.

باوکم وەك لەبەر دیدەی دا پەردەیەکی سینەمایی هەبێو ئەوەی هەیەو نیە تێیدا بەدی بکات . .بەقەهرەوە : ( بێ زەحمەت دکتۆر گیان، حاڵی کچەکەمان چۆنە؟!).

دکتۆرەکە بەدەم پێکەنینێکی سیحراویەوە : (شوکر شکانەکەی فریشتە وا گەورە نیە مەترسی زۆر بێ .. ئەرێ ئێوە دەزانن لەگەڵ هێنانی فریشتە بۆ ئەم قاوشە یەکسەر هاتمە سەری. . ئەوەی لەم کچەم بەدی کرد وڕێنەی دەکرد و یوسف یوسفێکی بەدەمەوە بوو نەبێتەوە .. نازانم ئەو یوسفە برایەتی یا خزمیەتی .. هێندە بە غەریبی دەینالاند: ( یوسف گیان .. یوسف گیان.. یوسف گیان) . هەر لەم نەخۆشخانە پێنج دەقەی نەبرد دەبینم بەپەلە پروزێ گەنجێکی هاوتەمەنی فریشتەیان گەیاندە جێ کە لە کولیە برادەرێکی خۆی چەند چەقۆیەکی لێ وەشاندبوو هەر خوا لەمردنی گەڕاندبۆوە .. نووکی یەك لەو چەقۆیانەی لێی درابوو، چەند سانتیمێکی مابوو بگاتە سەر دڵی دەنە وەك دەڵێن حەیاتی حونکەی لێ دەبڕی .. ئەو یوسفە بەستەزمانە بەدەم ئێشو ژانەوە وەکو ئەو کچەی ئێوە وڕێنەی دەکرد و بە غەریبیەوە دەینالاند: (فریشتە گیان.. فریشتە گیان .. فریشتە گیان ) .

لەناخەوە پێکەنینم دەهاتێ : (دە بزانە ئەمە چ قەدەرێکە ئەو کچو کوڕەی لێرە کۆ کردۆتەوە ، هەر یەکەیان بەناوە خەڵکی مەملەکەتێکنو ئاواش دەنوزێنەوە ) .

باوکی یوسف تەزبێحە سەتو یەك دەنکیەکەی بادا. . بەم قسەیە خۆی بۆ نەگیرا ، دایە قولپی گریان و بەجواب هات : ( وەڵا جەنابی دکتۆر ئەو بێ بەختو چارە ڕەشەی تۆ باسی دەکەی ، کوڕی منە .. خوا برادەری

خراپ بگرێ ) .

بەم هەواڵە دڵم لەرزی. . سەراپای لەشم کەوتە مێرولە ..دامە زریکەی گریانو بەوێنەی بارانی بەهار فرمێسکم لەچاوان دا باری : ( توخوا لێمی مەشارنەوە .. یوسف چی لێهاتوە؟! مردوە ؟! بۆ ڕاستیم پێ ناڵێن؟!) .

شیلان دەستی گرتم و کەوتە دڵدانەوەم : ( تۆ بۆ خۆت نەخۆشی ، وامەکە .. یوسف برای ئێمە، زۆر چاکەو لە خەتەریات دەرچووە).

ماڵی بابم پێش ئەوەی بێنە لای من، چووبونە لای یوسف .. دواجار پێش ئەوەی باوکمو ئارامی برام بچنەوە سلێمانی، جارێکی دی سەردانی یوسف دەکەنو هیوای چاکبوونەوەی بۆ دەخوازن .. لە بێ جێیی نەخۆشخانەو ڕێنمایی ئەوانەی لای نەخۆش دەمێننەوە، تەنها هێرۆی خوشکم مایەوە ..دایکمو بێریش دەچنە ماڵی یوسف .

لەوێش ئەو ماوەیە ڕێزێکی بێ پایانو خزمەتێکی باشیان دەکەن، هاوڕێکانی کۆلێژ پۆل پۆل بە دەستو دیاری بەسەریان کردمەوە .. لەوە خۆشتر نیە تۆ نەخۆش بیو برادەرو دەستە خوشکەکانت بێنە سەردانیت، چونکە بەهاتنیان وا هەست دەکەی بەرە بەرە نەخۆشیەکەت سارێژ دەبێو بەرەو چاکبوونەوە دەچی .

کاتێك یوسف هاتە قاوشی ژنانو لەبەر دەم دەرگا سەرەکیەکەوە کەوتە چاو گێڕان بەدوای منداو منی بینی.. لەجێوە چەقی .. بە چاو پێکەوتنم چاوی پڕ بوون لە فرمێسكو وەختێ بە هەنگاوە سستو لەسەرخۆکەی گەییە ڕاستمو بەدیارمەوە وەستا .. تا ئەو کاتەی چووە دەرەوە ، تاقە وشەیەکی بۆ نەهات هەستی خۆی پێ دەربڕێ، تەنها فرمێسکی لە چاوان دەباری. . منیش وەکو تەلاشە دارێ لە دەمم گیر بووبێ، دەمم دادەپچڕی ، قسەم بۆ نەدەهات، بۆیە تەنها سەرم بادەداو بەبێ دەنگی فرمێسکم بۆی دەڕشت.

* * *



## بەشی پازدەم

باری دەرونیم بەرو باشیو قاچە شکاوەکەم وردە وردە چاك بۆوە .. لە نەخۆشخانەیان دەرکردم.. ئەو ڕۆژە ماڵی یوسف بەبۆنەی دەرچونمەوە خواردنێکی زۆریان لێنا بوو.. دوو خێزان . . ئێمەو ئەوان دەتوت هەزار ساڵە یەکدی دەناسین .. کەس نازانێ خێرو شەڕ لە چیدایە؟! باوکم لە دەست پێشخەریەکدا بە باوکی یوسفی گوت: ( دەرهەق بەو خزمەتە زۆرەی بە ئێمەتان گەیاند.. لەچاکەی خۆتانە.. پێم باشە پێش ئەوەی بچینەوە سلێمانی ئێوە بنێرنە دوای مەلا با لێرە لەکارێکی خێردا فریشتەو یوسف لە یەك مارە کەین).

باوکی یوسف کۆڵێ کەیف ساز بوو: ( هەر ئەوەش ئاواتی ئێمەیە ..

کاری خێر تا پەلەی لێبکرێ هێشتا کەمە ).

سەعاتێکی نەخایاند ، مەلا هات .. منیان مارە کردو دایکم پێیانی وت : ( ئەگەر ئافاتو بەڵایەکی دیکە ڕوومان تێ نەکا. . بۆ نیشانی فریشتە ، ڕۆژی هەینی وەرنە سلێمانی، خزمەتتان دەکەین)

*      *      *

هیچ کچێ نیە ڕۆژی بوون بە دەزگیرانی خۆی بەئاوات نەخوازێ، نەخاسمە ئەوانەی لە بازنەی جیهانی ئیشقو ئەڤین دەخولێنەوەو بەدەم خەونە سەوزو ئەرخەوانیەکان دەڕواننە ئاسۆی ئایندەیان ..

ڕێو ڕەسمی نیشانو شەکراو خواردنەوە لە باخچە زلەکەی ماڵمان بەڕێوە چوو.. ئێمە خۆمان لە دوای دەستە خوشكو خزمو دەرو دراوسێمان نارد ..ئەوانیش تەنها لەدوای پورو پورزاو ئامۆزاکانیان گێڕابۆوە. . منو شلێر سەعات نۆوچا رەگ بە تەکسیەك چوینە ئەو ئارایشگایەی کەوتبوە چەقی بازاڕی گەورە.. لەگەڵ خۆماندا ئەو بەدلە پەمبەشمان برد کە ڕۆژو دانێ کونجو کەلەبەری ئەم شارە نەما سەری پێدا نەکەین تا دۆزیمانەوە .

پێنج کاتژمێرمان لە سنووری سالۆنێکی وشكو برینگ بەڕێ کرد .. دانیشەو دانیشە.. دانیشتن بەو ئەندازە مرۆڤ بێزار دەکا.. تایوسف بە سەیارەوە دەرکەوت، چاکەتو پانتۆڵێکی شینو قەمیسێکی سپیو بۆینباغێکی سووری لەبەر بوو .. بەدڵخۆشیەوە هات دەستی گرتمو بردمیە ستۆدیۆکەی ئەو تەنیشتەو شەش حەوت وێنەی جۆراو جۆرمان گرت.. بەپێوە .. بە دانیشتن .. لەسەر کورسی. . لەباوەشی یەکدیو لە وێنەیەکیان دەمی گەرمی دێنێتە پێشو نێوچەوانم ماچ دەکات .. موچڕکەیەکی گەرمم بەلەشدا گەڕاو لە کەڵە موستی پێمەوە دەرچوو .. شلێر چووە دواوەی سەیارەکە و منیش لەپێشەوە سوار بووم.. بەرەو ماڵ داغل بووینەوە .. بزەو خەندە شاری لێوانمانی چۆڵ نەدەکرد .. ئەو ڕۆژە جیا لە هەر ڕۆژاێکی تر، وامدەزانی دونیا بەدەممەوە پێدەکەنێو خەڵکی سەر جادەو شەقامو شۆستەکان لە پێشوازی گەیشتنو دیدەنی مندان . . بەتاسەوە سەیرم دەکەن.. خۆشیەکان چەنێ زۆر بن ، لەچاو تورکانێ

تامو چێژیان بە کۆتا دێ .. کات بۆ خۆی دەڕوا ، هەر ئەوەندەمان زانی ئەوە گەیشتینە بەر قاپی حەوشەو دابەزین . دەنگی یەك لەسەریەکی هۆڕینی سەیارەکە، ئاماژەیەك بوو. : ( دەی خەڵکینە ڕابن ..بجولێن .. میوانە بەڕێزەکان بە خۆکەون ، کەژاوەیەکی گەورە گەیشت وا دوو ئاشق خۆیان دەردەخەن.. وەرنە پێشوازی و لەبەریان هەڵسن ) .

ژنو منداڵ، ژمارەیەك بەغاردان هەر قاچێکیان کردبوە دوو قاچو لە پێشبڕکێی ئەوەدا بوون کێیان زووترو گەزێ زیاتر بێتە پێش تا چاویان لە سیمای جوانیمان زاخاودەن .. یوسف هاتە ئەو تەنیشتەو دەرگای ئەو دیوەی منی کردەوە .. بە هێواشی هاتمە خوارێ وقۆڵم خستە قۆڵی .. بەڕۆیشتنێکی هێمن بەناو ئاپۆڕای خەڵکەکە تێپەڕینو لەسەر ئەو کورسیە دانیشتین کە لە بەردەمی دا مێزێکی گەورەو ناقۆڵا ، لەسەریشی دەسکە گولێکی ڕەنگاو ڕەنگی ڕازاوەو کێکێکی گەورەی بە نەخشو نیگار داندرابوو.

ستریۆکەیان هەڵکرد .. گۆرانیو هەڵپەڕکێ ئەو ناوەی هێنابوە جۆشو خرۆشو جمبووش.. هەربابابوو لەجێوە شانی هەڵدەتەکاند.. هەر دەستە دەستە بوو یەکیان دەگرت.. شاییەکی گەرم دابەسترا ئەو سەری نەبێتەوە.. مرۆڤ لەو کاتانە مەودای بیرکردنەوەی بەر تەسك دەبێتەوە، نازانێ چۆن ئەو دڵخۆشیەی ڕەگو ریشەی لەناخی دا کوتاوە ، خۆشیەکی هەمیشەیی‌و نەمری پێ دەبەخشێ .

دوای دوو کاتژمێرو شتێ . لەڕێو ڕەسمێکدا ئەوەی هاتبوە داوەتەکە، بۆ بینینی کێك شکاندن، لێمان خڕ بوونەوە.. یوسف دەستی خستە سەر دەستم، کە مسکی چەقوە درێژەکەم لەناو لەپیدابوو .. یەکەم پارچەمان لەو کێکە بڕی .. ئیدی کابان پێداهات.. پارچە پارچەی لە کێکەکە دەبڕی‌و دەیخستە سەر قاپو دەیبەخشیەوە .. منو یوسف بەدەم باسو خواسی دونیا ، سەرمان هێنا بووە بن سەری یەکدی‌و لە پڕۆژەی پێکەوە نانی خێزانوماڵو منداڵو ئایندەی خوێندنەکەمان دەدواین .. بێ پەروادە پێم وت : ( حەز دەکەم تا ئەو دووساڵەی خوێندنی زانکۆ تەواو دەکەین، نەمگوازیەوە) .

یوسف وتی : ( دڵ ئاوێنەی دڵە.. پێش ئەوەی ئەم قسەیە بکەی، من هاتم بیڵێم، چونکە منیش هەمان ڕام هەیە ) .

لەگەرمەی ئەو خۆشیەدا باسی لاوەکی خۆی خزاندە بۆشایی قسەکانمان.. دەبێ چ خەیاڵاتێك بێ سەرە داوێکمان نەکردەوە پرسیاری حەمەم هێنایە گۆڕێ: ( ئەرێ یوسف گیان چارەنوسی حەمە بە کوێ گەیی؟!).

یوسف دوش داما .. چاوێکی لێکردم. . بە دەستێکی لەرزۆکەوە گڵاسە ئاوەکەی بۆ دەمی بردو بەیەك بین هەڵیلوشی.. بە دووسێ وردە کۆکە ،هەناسە گیراوەکەی ڕەواندەوەو وتی : ( بڵێم چی ؟! دوای گرتنی حەمە بەهۆی نەخۆشی عەساب لەلایەکو لەلایەك بەهۆی ئەو ڕدێن سپیە زۆرەی ناردیانە ماڵمان .. دامان هێنا .. من بەپێی خۆم چوومە دادگاو کەفیەتم لێ کرد ، ئازاد کرا .. نازانم چ خێرومەندێ دەچێتە لای حەمەو بۆ هەواو هەوەسو فشقیات لە خۆڕا پێی دەڵێ : ( حەمە بۆخۆت بمرە گەلێ گەلێ لەم وەزعە باشترە .. نەتزانیوە فریشتە مێردی کردوەو دەمێکە گوازراوەتەوە؟!) .

بەو قسەیە دڵو دەروونی بەرەو خراپی دەڕوا تا دەگاتە ڕادەی شێت بوون .. دەڵێن لەو ڕۆژەوە وێنەی کچێکی جوانی هاوشێوەی تۆی لەیەك لە گۆڤارەکان دەرکردوەو بەدەستیەوەیە .. هەموو ڕۆژێ دەچێ لە ناوەڕاستی بازاڕ دەوەستێو هەر کچێکی جوانو بەرچاو بەپێش دەمی تێپەڕێ .. سەیری وێنەکە دەکاو تا ئەو کچە ڕەت دەبێ، بە قووڵی تێیڕا دەمێنێو تێر تێر پێدەکەنێ. . فەخرەدینی خوارزام گێڕایەوە وتی : ( لە هەفتەی ڕابردوو ڕۆژێکیان کچێك بەتەك حەمە گوزەر دەکا ، ڕێك حەمە پەلاماری مەمکی دەداو کچە لەتاوا دەداتە زاقو زیق و هاوارو فیغان. . سێ چوار گەنجی چوارشانەی کەتە کە لەو کاتە چاویان لێدەبێ، لێی دێنە دەستو بێ رەحمانە بەر دەبنە وێزەیو شلو کوتی دەکەن، ئیدی پۆلیس بۆسەلامەتی هاموشۆی کچان بڕیار دەدەن بیگرنو دەیبەنە بەندیخانەی مەحەتە).

ئاهێکی قووڵم هەڵکێشا: ( من کاتی خۆی بۆ دڵڕاگرتنی نەخۆشیەکەی

حەمە زۆرم سۆز دایێ .. زۆرم ناز كێشا .. زۆرم لەبەری داهێناو حەزم بەشێت بوونی نەدەكرد ) .

خەمێكی ساتە وەختی ئابلۆقەی دام.. تێفكریم: (ئەوە من لە چ ڕۆژێكا دەژیم؟! هەق نیە پەژارەو گرژی بە ڕوخسارمەوە دیار بێ ) .

بەدەم یەك دوو هەناسەی ساردەوە، شانێكم هەڵتەكاند : ( یوسف گیان دەزانی ئەوە كێشەی ئێمە نیە؟!) .

یوسف وەك چەكوشێك بەر دەزگای سەری كەوتبێ .. ڕاچەنی .. دیمەنەكانی ڕۆژگاری ڕابردووی ژیانی گەر حەمە جارێكی تر بوونە زەردەواڵەو چوونە شاری مێشكیەوە : ( ڕاستیەكەی .. شتەكە هەر ناخۆشە بەڵام حەوجێ بەوە نیە خۆمانی پێ عێدزو دڵمانی پێ تەنگكەین).

دامانە قاقای پێكەنین. . لەدوا دوای ڕێو ڕەسمەكە، نیشان دەستی پێكرد .. بازنەكانی یەكە یەكە خستە دەستم.. ئەڵقەمان گۆڕیەوە .. كاتێ ملوانكە زێڕكەی لەملم بەستو سەر كوڵمەمی ماچ كرد، تەزوویەكی خۆشیم بەلەشدا گەڕا.. خەڵكەكە یەك یەك. . دوو دوو. . یابەكۆمەڵ دەهاتنە تەكمانو وێنەیان لەگەڵ گرتین .. بەمە ئاهەنگەكە كۆتایی پێ هات .

* * *

ئێوارە سفرە ڕاخرا.. لە خۆشیا دڵم هیچی نەبرد.. چوومە ژووری سەرەوە .. بەلەشی لاوازو باریكی نێو كراسی شەوێكی ئارام، لەسەر سیسەمەكە ڕاكشام .. تا درەنگی شەو بیرم لەو ڕۆژە مێژوویە دەكردەوە كەمنو یوسف بەیەكەوە بردمانە سەر .. كە خەو یەخەو بەرۆكی گرتم..باڵم ڕاكێشاو باوێشكێكی قووڵی یەك لەسەر یەكمدا.

لێرەدا قەڵەمەكەم هەڵدەگرم .. ئەو دەفتەرەش پێوە دەدەم تا ئەو كاتەی یوسف دەمگوازێتەوە .. بۆ ئەو كاتیش ئەگەر خوا تەمەنی دا ، وردە وردە یادگاریەكانی ئەو ڕۆژانەش دەنوسمەوە.

* فریشتە *